# ڕێکخستن و
# ڕێکخستنی حزبی

نووسینی
عوسمان عەلی وەیسی

ئابی ٢٠١٠

ناوی کتێب: ڕێکخستن و ڕێکخستنی حزبی

نووسەر: عوسمان عەلی وەیسی

تیراژ: ١٢٥٠

گرنگ ئەوە نیە کە پەیکەرێکی رێکخستنی تەواو بنیاتبنێیت، بەڵکو نەخش لەوەدایە کە پەیکەرێکی رێکخستنی باشتر لە رکابەرەکانت دابمەزرێنیت.

**ئیبان مکمیلان و باتریشیا جۆنز**

# نـــــاوەڕۆك


- پێشەکی ٧
- ڕێکخستن لە رووی مێژووییەوە ٩

**ئۆرگانی ڕێکخستن** ١٢

- پێکهاتەی ئۆرگان (ڕێکخراو ١٣
- پەیکەری ڕێکخستن ١٤
- دەورانی ژیانی ڕێکخراو ١٧

**چەمکی ڕێکخستن** ٢٢

- ڕێکخستن لە رووی ئیداری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ٢٥
- بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی سیاسی ٢٧
- پێناسەی ڕێکخستن ٢٩
- گرنگی ڕێکخستن ٣١
- گرنگی ڕێکخستنی سیاسی ٣٣

**راڤەی چەمکی ڕێکخستن لە رووی تیۆرییەوە.** ٣٤

- تیۆری ڕێکخستن ٣٨
- ڕێکخستن و رەفتاری ڕێکخستنکاری ٣٩
- ڕێکخستن لە روانگەی ئۆرگانی(تیۆری سیستەم) ٤٠
- تیۆری ڕێکخستن و پەیوەست بوونی بە تیۆری سیاسییەوە. ٤٤
- پەیوەست بوونی تیۆری سیاسی بە واقیعەوە. ٤٧
- پەیوەست بوون و گرێدانی تیۆری ڕێکخستن بە خودی مەبەست لە ڕێکخستن. ٤٩

١-  ئامانجی گشتی لە پرۆسەی ڕێکخستن. ٤٩
٢-  ئامانجی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی ڕێکخستن. ٥١
◆ جۆرەکانی ڕێکخستنەکان ٥٣
◆ ڕێکخستنی حزبە سیاسیەکان. ٥٧
◆ توخمەکانی ڕێکخستن ٥٩
١-  ڕێوشوێنی دیاریکردنی ئەندامان. ٦٠
٢-  چەمکە سەرەکیەکانی ڕێکخستنی حزبی. ٦١
٣-  جۆرەکانی ڕێکخستنی حزبی. ٧٥
٤-  پێکهێنەرەکانی ڕێکخستنی حزبی. ٧٥
**تیۆری ڕێکخستنی پارتی** ٨٠
◆ پرینسیپەکانی ڕێکخستنی پارتی ٨١
◆ پرینسیپی ئەندامێتی و پابەندبوون(ئیلتیزام) ٨٢
◆ شێوەکانی پابەندبوون ٨٤
◆ گرنگی پابەندبوون ٨٥
◆ بەرپرسیارێتی ٨٧
**ژینگەی ڕێکخستنی سیاسی** ٩٢
◆ گرنگی ژینگەی کارکردن بۆ ڕێکخستن ٩٥
◆ دەورانی ژیانی ڕێکخستنەکان ٩٧
◆ گرفتی ڕێکخستنەکان ١٠٠
◆ خوێندنەوەی ئایندەیی بۆ تیۆری ڕێکخستن ١٠١
◆ کۆتایی ١٠٣
◆ سەرچاوەکان ١٠٤

## پێشەکی :

زانست بەوە پێناسە دەکرێ کـە مەعریفەیـەکی ڕێکخـراوە، ئامـانجی تێگەیشتن دیاری دەکات و ئاگاییە بە دووبارە ڕوودانیان و کارکردنـە بـۆ دیسپلێنکردن و زاڵبوون بەسەریاندا. زانست مەنهەجیەتێکی ڕوونی هەیە کە لە میانـەی پیادەکردنیـەوە دەگەیتـە هـەمان دەرئـەنجام ئەگـەر هـەمان مەنهەج بەکار بێت لە شوێن و زەمانی جیاوازدا وە لـە لەلایـەن کەسـانی ترەوە، زانست خاسیەتی پێشکەوتن و دینامیکیەتی هەیە، کـە لەوانەیـە بـە هەڵچنراوو پلەبەندی بێت بەهۆی بیناکردن لەسەر تیۆرەکانی پێش خۆی، یان پێشکەوتنێکی ڕاستەوخۆ و یەکـسەرییە، بـەهۆی دۆزینـەوەی جـۆر و شێوە و داهێنانی نوێ کە ڕاستەوخۆ گۆڕان لە چەمك و تیۆرەکاندا دێنێتە ئاراوە.

لـە بـواری کـاری ڕێکخـستن وەك دیاردەیـەکی گـشتی ژیـان دەبـێ لـە چوارچێوەیەکی زانستیدا وەردی بدرێتەوەو لێبیکۆڵینـەوە، کـە پەیوەنـدی هەیـە لەگـەڵ چـەند چـەمکێکی وەك، سەرپەرشـتیار، پەیوەندییـەکان، پاڵنەرایـەتی، ئاراسـتەکان، پەیکـەری ڕێکخـستن، سـتراتیژ، ڕۆشـنبیری ڕێکخستن، گۆڕان و پێشخستنی ڕێکخستن، بەرهەم، هەروەها سـەرنجدان لە کەمبوونی بەرهەم، وازهێنان و بێتوانایی، دەوردان لـە شـوێن خـۆی و پووکانەوەو ....هتد.

کەواتە دەبێ لە دیاردەکە تێبگەین و گریمانەش دابنێین لـە نێـوان هۆکـارو گۆڕاوەکاندا تـا لـە دیاردەکـە بگـەین و شـرۆڤەی بکـەین و ئاگـایی بـۆ دووبارە بوونەوە بە دەستبێنین تا ئەگەر بـە ویـست و خواسـتمان نـەبێت، ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی بگرین، یان بە پێچەوانەوە بەردەوام بێت.

بۆ نموونە: لە زانستی ڕێکخستندا گریمانەیەك دەڵێ، کەشی ڕێکخستنی تەندروست دەبێتە هۆی باشکردنی کارایی ڕێکخستن. لێرەدا گریمانەیەکی پەیوەندی بە چەمکی ژینگەی ڕێکخستن هەیە کە چەند توخمێکی هەیە لەوانە:

شێوازی سەرپەرشتیاری و سەرکردایەتیکردن، فەلسەفەی بەڕێوەبردن، شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان کارەکتەرەکان و ئۆرگانەکان، پانتایی بەشداریکردن لە سیاسەت و بڕیاردان. چەمکی دووەم پەیوەندی بە کارایی ڕێکخستنەکانەوە هەیە، کە مانای توانا و هێز لە بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکان، دەستکەوت و بەرهەمی زیاتر، ئاست و ڕێژەی گەشەسەندن و تێکڕایی دەورانی کار....هتد دەگەێنێ.

ئەمە وەك نموونەیەك کە دەبێ هەر دیاردە و گۆڕاوێك شرۆڤە بکرێ.

کەواتە ڕێکخستن دەکرێ بە تیۆریزە بکرێ کە بەردەوام بە هۆی دیراسات و توێژینەوە لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا دەبێت، و مەسەلەی ڕێکخستن لەگەڵ مرۆڤ مامەڵە دەکات و ناتوانرێ چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ هەموو کات و شوێنێك دابنێت، بەڵام ئەمە بە مانای وازهێنان لە دیسپلینکردن یان تیۆریزەکردن ناگەیەنێت.

لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ دەدەین چەند لایەنێکی ڕێکخستن و ڕێکخستنی سیاسی بخەینە ڕوو، وەك سەرەتاییێك بۆ ڕاڤەکردنی ڕێکخستنی حزبی سیاسی.

**نووسەر**

## یەکەم: ڕێکخستن لە ڕووی مێژووییەوە:

بیرکردنەوە لە ڕێکخستنی کاروبارو پێشهاتەکانی ژیانی مرۆڤ، پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، هەروەك لە بیروکراتیەتی چینی کۆندا هەبووە، دواتر لە ڕێکخستنی شارستانیەتەکانی بابلی و فیرعەونی لە بەردەوامبوون و گەشەکردندا ڕۆڵی بینیوە.

لە هەندێ ئاینەکاندا شێوەی ڕێکخستن، پلە بەندی وەرگرتووە، هەروەك لە ئاینی هیندۆسەکاندا هەبووە کە براهما و بازرگان و هاریجەکان لەسەر چینی خاوەن تایبەتمەندی جیاوازو لێك جودا دابەش بوون...هتد.

بەلاّم خودی دیاردەی ڕێکخستن هەروەك بیرمەندی ناسراو (بارستۆ) دیاری دەکات، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەشەی ڕێکخستنی لە کاتی یان لە پێش شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا بەخۆوە بینیوە، کە ڕێکخستنی جۆربەجۆر لە بوارەکانی چالاکی بازرگانی و فێرکردن و بەڕێوەبردن یان ئاینیشدا هاتۆتە ئاراوەو پیادەکراوە.گەشەکردنی دیاردەی ڕێکخستن لە کۆمەڵگەی ئەوروپی و لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییدا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:

١- بوونی پلەی بالاّو جیاوازی لە ڕۆڵ و ناوەندەکانی کارو فرمان.

٢- ڕێچکە گرتنی ژیان بەرەو دیاریکردنی ڕۆڵە سەرەکیەکان بە گوێرەی پێوەر و پێوانە سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کلتورە و دیموکراتیەکان.

٣- جەختکردن لەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵ پێش هەر بەرژەوەندییەکی ترە.
٤- زیاد بوونی گرفت و لەبەریەکراچوونی کۆمەڵگا.
٥- بایەخدانی گروپەکان بە بەئەنجام گەیاندنی وەزیفەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە تەنها لەسەر بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت ناوەستێ.
٦- کێبەرکێی نێوان گروپەکان لەسەر ئامانجەکان و سەرمایەو داهاتەکان.
٧- ئازادی تاك و برەوسەندنی فەلسەفەی تاکگەرایی.

کەواتە رێکخستن سیمایەکی سەرەکی ژیانی هاوچەرخە، رێکخستن زانستە، لە چەمکەکانی ئەم زانستەش: چەمکەکان، ئەو زاراوانەی کە پەیوەستن بە رێکخستن و رەفتاری رێکخستن، دیزاینی رێکخستن، جۆر و چۆنایەتی پەیکەری رێکخستن، هۆکارە دیاریکراوەکانی نەوعیەتی رێکخستن واتە ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە سروشت و جۆری هەیکەلی تەنزیمییەوە هەیە وەك: جۆری ستراتیژ، قەبارەی رێکخستن، پەیوەندییەکانی دەسەڵات، پرۆسەی سیاسەتکردن، ململانێ لەسەر دەسەڵات لە رێکخستنە جیاوازەکاندا، هەروەها شێوازی رێکخستن کە لەگەڵ پێداویستی و ژینگە و بارودۆخی سیاسیدا گونجاو بێت.

ئامرازەکانی خۆگونجاندن تا بتوانری خۆراگر بێ و بمێنێتەوە و سەرکەوتوو بێ لە ژینگەیەکدا کە هەمیشە بە گۆڕان و ململانێ دەور دراوە و رۆشنبیری رێکخستنی جۆراو جۆری تێدایە، مەحکومە

بەپێشکەوتن و قۆناغەکانی پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگادا.

دەگوترێ کە ڕێکخستن، وێنە و ئاست و لایەنی جۆرا و جۆری هەیە، بە واتای ڕێکخستن مانای تایبەتی خۆی هەیە لەلای هەر یەك لە سیاسی و ئابووریناس و چۆنیەتی دەرك پێکردنی، بە شێوەیەك کە پیاوێکی ئایینی وا لە ڕێکخستنی دینی دەگات کە شارەزایانی پیشەسازی و دەروونناسی و زانایانی کۆمەڵناسی و گەشە پێدان و .........هتد بۆ چوون و تێگەیشتنی تریان هەیە.

لەم بوارەدا، دەکرێ ئاماژە بۆ چیرۆکی بەتام و ناسراوی ناو منداڵان بکرێ کە ئەویش چیرۆکی (فیل و کۆرەکە)ە، کاتێ هەر یەکە لە منداڵەکان بەهۆی گەورەیی لاشەی فیل و شکڵییەوە، وێنەی شوێنێکی فیلەکەی لە لا دروست دەبێت، حاڵەتی شێوەکانی ڕێکخستن هەر وایە، هەر بۆیە هەموو ڕێکخستنەکان وێنەیەکی یەکگرتوو لێکچوویان نیە، چونکە هەر یەك لەوانە لە ڕووی ناوەڕۆك و ئەرك و وەزیفە و ئامانج و کرۆکەوە لێکجیاوازن.

ڕێکخستن، مانایەکی بیرۆکراتی لەلای کەسی کارگێڕی – ئیداری – هەیە و، مانایەکی سیاسی لەلای پیاوی دەوڵەتەوە هەیە و، مانایەکی پیشەسازی و ئابووری لەلای شارەزایانی ئەم بوارە هەیە، هەروەها ڕێکخستنی شێوە چەمکی سایکۆلۆژی و بە دیکردنی سوسیۆلۆجیانە و مانای پەروەردەیی و فەلسەفی هەڵدەگرێ کە دەنگ و ڕەنگی بە گوێرەی قوتابخانە فەلسەفیەکان دەگۆڕێ.

**دووەم: ڕێکخراو (ئۆرگان) ی ڕێکخستن:**

بۆ پێناسەکردنی ئۆرگـان – ڕێکخـراو، چـوار ڕێبـازی سـەرەکی هەیە:

یەکەم : ڕێبـازی کۆمەڵایـەتی کـەوا سـەیری هـەر ڕێکخراوێـك دەکات کە پێکهاتە یان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیە، ئەم چوارچێوەیە بایەخ بە ڕێکخستنی کۆمەڵە و تاکەکان دەدات و کۆششیان یەکدەخات لـە میانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی تاك و گروپەکان و پڕۆسەی چـالاکی و وەزیفەکانیان.

دووەمیان : ڕێچکەی ڕەفتارییە، لەسـەر بناغـەی ڕەفتـاری تـاك و گروپەکان و ڕێکخراوەکان و پڕۆسـەی کـارلێکی نێوانیـان پێناسـەی ڕێکخراو دەکات، کەواتە کۆمەڵە ڕەفتارێکە کە پەیوەندییـەکان لـەناو ڕێکخراودا دیاری دەکات و ئاڕاستەکان و ئەداکان لە ڕێگەی ڕۆڵ و ڕەفتارەکان تەحەکوم پێدەکات.

سێیەم : ڕێبازی هەیکەلی: وا سـەیری ڕێکخـراو دەکـات کـە لـە هەیکەلێکی ڕێکخستن پێکدێت و لەسەر بنـەمای پەیوەندییـە لێکئـاڵو گۆڕەکـان لـەناو ڕێکخـراودا پێناسـەی ڕێکخـراو دەکـات واتـە هەیکەلێکی ڕێکخستنی کە بە شێوەیەکی دروست و ورد پێگەی تاك و گروپەکان (ئۆرگانەکانی پەیکەری) تێدا دیاری کراوە.

چوارەم : ئاڕاستەی وەزیفی کە لەو گۆشەیەوە سـەیری ڕێکخـراو دەکات کە لە کۆمەڵە وەزیفەیەکی جـۆرا و جـۆر و ڕێکخـراو پێـك

دێت و ڕێکخراو بریتیە لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانە [1].

## پێکهاتەی ڕێکخراو ( ئۆرگان )

هەر یەکەیەکی ڕێکخستن/ ئۆرگان/ حیزب/ لە چەند پێکهاتەیـەك پێك دێت، لەوانە:

تاکـەکان (Individual) پەیکـەری ڕێکخـستن (Structure)، ئەرك (Task)، ئامراز و شێوە، ئامانج (Objective).

ئەم پێنج توخمانە بەشێوەیەکی تەواوکاری و کارلێکی بۆ بیناکردنی ئۆرگان و گەیاندنی بە حاڵەتی ئەدای پراکتیکی پێویست هەماهـەنگن و بەیەکدا چوون و بەیەکەوە گرێدراون.

ئامانج بریتیە لەو مەبەست یـان فاکتـەرەی کـە ڕێکخراوەکـە لـە پێناوی دامەزراوە، ئەرکی (مهمە)ی ئەو ڕێکخراوە ئەو ئاراستە باشـەیە کە دەیەوێ ئەنجامی بدات لە ڕێگای کـار و چـالاکی بـۆ بـەدیهێنانی ئامانج، لە ئەرکدا وێنەی نەخشە و ڕێگاکـانی کـار و دابەشـکردنی و چالاکیەکانی دەکێشرێت و،

لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا ئامراز و شـێوازەکان بـۆ بـەدیهێنان و بـە ئەنجامگەیاندنی ئەرکەکان دیاری دەکرێن و هەڵدەبژێرێن.

لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا ئەو تاکانەی شیاو و لێهاتوون بـۆ بەدیهێنانی ئـەو ئـەرك و مەهامانـە لـە ژێـر هەیکـەلی ڕێکخـستنێکی

---

(1) د. عمر وصفي عقيلي، المنظمة ونظرية لتنظيم، دار زهران للنشر و التوزيع، الاردن، ٢٠١٠، ص١٤–٨٠.

دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان هەڵدەبژێردرێن.




## پەیکەری رێکخستن ( Structure )

ئۆرگان کیانێکە، پێکهاتەیەکە و وجودیی هەیە، ئەو بوونەیشی لـە پێکهاتەی جۆرا و جۆر پەیدا بووە، ئەوانیش دەبێ رێـسای پەیوەنـدی بەیەکەوە گرێـدانیان هـەبێت، کەواتـە هەیکـەلی رێکخـستن رێـسای بەیەکەوە گەیاندنی ئەو پێکهاتانەیە، کەواتە هەیکەلی رێکخـستنی هـەر

حزبێك، ڕێكخراوێك، ئۆرگانێك رایەڵەی پەیوەندی نێوان توخمـەكانی ڕێكخراوەكە و پێكهاتەكانیەتی و بە هۆیەوە كارەكان و ئەركە جۆرا و جۆرەكان جێبـەجێ دەبـن و دەسـەڵاتەكان دیـاری دەكـرێن، كەواتـە ڕێكخراو بێ پەیكەری ڕێكخستن نابێت.

هەیكەلی ڕێكخستن بۆ ئەم مەبەستانە دروست دەكرێت:

١- دابەشكردنی كارەكان و دیـاریكردنی ئـەركی تـاك و پێكهاتـە و گروپەكان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ڕێكخراوەكە.

٢- دیـــاریكردنی ئاســـتەكانی بـــەڕێوەبردن و چوارچـــێوەی سەرپەرشـتیكردن لـە حزبـدا و دواتـر دیـاریكردنی دەسـەڵات و بەرپرسیارێتی تێیدا.

٣- دیاریكردنی پرۆسەی هەماهەنگی لە نێوان ئەداكردنی ئەركـەكان و رایەڵە وپەیوەندیكردنی نێوانیان تا حـزب/ ڕێكخـراو وەك یـەك یەكە كار بكات.

٤- دیاریكردنی كەناڵەكانی پەیوەندیگرتن و دان و وەرگرتنی زانیاری و جوڵە و بزاوتن لە ڕێكخراودا.

كەواتـــە پەیكـــەری ڕێكخـــستن ڕێـــك و پێككردنـــی كـــار و دابەشكردنیەتی لەسەر ئۆرگان و ئەندامان تـا ئامەنجـەكانی ڕێكخـرا و بێنەدی.

ئەم دابەشكردنە ئاسۆیی و شـاقوڵی دەگرێتـەوە، ئاسـۆیی لەسـەر شـێوەی چـالاكی و كـارو گروپبەنـدی، شـاوڵیش لەسـەر شـێوەی هەرەمێكی بـەڕێوەبردن بـۆ دیـاریكردنی دەسـەڵات و بەرپرسـیارێتی، كەواتــە هەیكــەل بــۆ دیــاریكردنی مــەهام و كــار و چــالاكی و

بەرپرسیاریێتی و دەسەڵاتە لە ڕێکخراو دا هەروەها دیاری کردن و نەخشەرێژ کردنی ئەو وەزیفە و ڕۆڵانەیە کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکە.

دەبێ هەیکەلی ڕێکخستن دوو مەبەستی سەرەکی حزب پێکبێنێت کە:

**یەکەم:** پێداویستی تایبەتمەندی (تخصیص) دەسەڵات و بەرپرسیارێتییە لەئەدا لەڕێگای دابەشکردنییەوە.

**دووەم:** پێداویستی هەماهەنگی و بەیەکەوە سازانە لە نێوان کار و چالاکی و مەهامە جۆراو جۆرەکاندا لە چوارچێوەی یەك یەکەی سەراپاگیر و تەواوکاردا.

کەواتە هەیکەلی ڕێکخستن پێك دێت لە ڕێگەی دابەشکردن و کۆکردنەوە و هەماهەنگی مەهام و کارو چالاکی و بەرپرسیارێتی و دەسەڵات لە ڕێکخراوەکەدا، بەم شێوەیە:

**١- لێکجیاکردنەوە (Differentiation):**

واتە دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی مەهامی ڕێکخراو بۆ مەهامی فەرعی تایبەتمەند و ورد و دیاریکراو کە بتوانن بە ئاسایی و شیاوی و کارایی بەرزەوە کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

**٢-یەکێتیبوون (التوحید- الاندماج Integration):**

واتە یەکێتی و کۆکردنەوەی ئەو مەهامە فەرعییانە لە ڕێکخراودا لە چوارچێوەی مەهامێکی سەرەکی کە دەکرێ ئەدا بکرێ و بەڕێوە ببرێ بە شێوەیەکی هەماهەنگی و تەواوکاری باش لە جیبەجێکردندا.

## دەورانی ژیانی ڕێکخراو ( حزب )

هەر ڕێکخراوێك لە دایك دەبێ و گەشە دەکا و گـەورە دەبـێ و دەشمرێت، کەواتە ڕێکخراو بە قۆناغـدا تێپـەڕ دەبـێ کـە بـە دەورەی ژیانی ڕێکخراو ناسراوە، ئەم دەورەیە بریتییە لـە مۆدێلێك لە گـۆڕانی چاوەڕانکراو لـە ڕێکخراودا.

ئەم دەورەیە جێگیر یان ئاسایی نیە وەك دەورەی ژیـانی مـرۆڤ یـان ڕووەك یان ئاژەڵ، چونکە لـە سروشتی خۆیدا ئاڕاستە کردنی هەیە،

هەر ڕێکخراوێك کۆشش دەکات کە نەگاتـە قۆنـاغی کۆتـایی و پووکانەوە، چونکە ڕێکخـراو و سـەرکردەکانی زۆر جەربەزانـە و بـە بەردەوامی کار دەکەن بۆ پێشخستنی بەرنامە و کـارایی و چـالاکی و بەرز کردنەوەی پلـەی لێهـاتوویی و ئـەکتیڤی تـا گـەرەنتی مانـەوە و بەردەوامی ڕێکخراوەکە بکەن.

هەر ڕێکخراوێك بە شـەش قۆنـاغی سـەرکیدا ڕەت دەبـێ، مـاوە زەمەنیەکان لـە قۆناغێکەوە بۆ یـەکێکی تـر جـێگیر نـین، کـە بـریتیین لـەمانەی خوارەوە:

### قۆناغی یەکەم: پێکهاتن (Formation)

لــەم قۆناغــەدا ڕێکخــراو لــە ســەرەتادا دەبێــت و بــەم خاســیەتانە دەناسرێتەوە:

١- ژمارەی تاکەکانی کەمە چونکە لە ژێر دامەزراندن و پێکهاتندایە.

٢- وەزیفەکان سەراپاگیری و گشتگیرن و کەمتر پەنا بـۆ تایبەتمەنـدی و پسپۆڕی دەبرێت بە هۆی جۆراێتی و بەیەکدا چوونی کارەکانی ڕێکخراوەکە و کەمی ئەو تاکانەی کاری تێدا دەکەن.

٣- ناوەندێتی زۆر لە وەرگرتنی بڕیار لەلایەن سەرکردایەتی باڵا لە ڕێکخراوەکە.
٤- ئاراستەی سەرەکی لە ڕێکخراوەکە قۆناغی فۆرموڵە بوون و ناساندنە.

**قۆناغی دووەم: گەشەسەندن** (Growth)

ئەم قۆناغەی ڕێکخراو پلە بە پلە دەست بە گەشەو بڵاوبوونەوە و فراوانبوون دەکات تا مانەوە و بەردەوامی مسۆگەر بکات و بەم خاسیەتانە دەناسرێتەوە:

١- ئاستی داهێنان و بەرەوپێشچوونی بەرزە، تا بتوانێ لە ڕووی گۆڕانە بەردەوامەکان و بزاوتی گەشەدا خوی بچەسپێنێت.
٢- ئەو گۆڕانانەی ڕووبەڕووی ڕێکخراو دەبنەوە بەردەوام و خێران.
٣- نەرم و نیانیەکی زۆر لە ئەدای کارەکاندا لە ئاستەکانی خوارەوەدا هەیە چونکە زۆر تەرکیز ناکرێتە سەر شێواز و دیسپلین و ڕێکاری کاری جێگیر.
٤- ئاستی جێگیریی ناوخۆیی کار و چالاکی و هەروەها ڕیساکانیش کەمە.
٥- وەزیفەکان فراوان دەبن تا فریای کاری نوێ و بەردەوام بکەون لە پرۆسەی گەشەدا.
٦- بیناکردنی چوارچێوەیەکی باش و فراوان لە ئینتیما بۆ ڕێکخراوەکە.

**قۆناغی سێیەم: کاملبوون** (Maturity)

قۆناغی تەواوکاری زاتییە کە ڕێکخراوەکە پێی دەگات و هەوڵ دەدات هێزی بوونی خۆی و پێگەی بچەسپێنێت، خاسیەتەکانی:

١- بە فراوانی توانا مرۆیی و ماددی و دارایی و کەسەکانی بۆ خێرایی بزاوتی ڕێکخراوەکە بەکاردێنێ تا بتوانێ لە ڕووی ڕکابەری و بارودۆخ و ژینگە گۆڕاوەکاندا بوەستێ.

٢- لە ئاستی بەرزدا پسپۆڕی لە وەزیفە و مەهامەکاند بەکار دێن تا بتوانێ ئەدا لە ڕێکخراوەکەدا ڕێکبخات.

٣- بەشداریپێکردن فراوان دەکات و دەسەڵات بۆ خوارەوە دەبەخشێ و ئاستی مەرکەزیەت کەمدەکاتەوە.

٤- پەیوەندییە نا ڕەسمییەکان لە هەموو ئاستەکاندا فراوان دەبن تا خێرایی لە فراوانکردن و چەسپاندنی پێگەی ڕێکخراودا بەهێز بێت.

٥- زیاد بوونی ئاستی گەشەسەندن لە ڕێکخراودا تا بتوانێ پێگەی ڕکابەری خۆی بچەسپێنێ.

**قۆناغی چوارەم: فراوان بوون و کشان** (Expanding)

قۆناغی فراوانبوون و پەلهاوێشتن بەم خاسیەتانە جیا دەکرێتەوە:

١- هاندان و فراوانکردنی پرۆسەی ئەفراندن و خەلاقیەت و داهێنان بۆ چەسپاندن و پێشخستن و فراوانکردنی چالاکییەکانی ڕێکخراو.

٢- ئاراستەی گەشەسەندن و دانانی ستراتیژی گشتگیر و فراوان بۆ فراوانکردنی پانتایی کاری ڕێکخراو.
٣- پەنابردنە بەر لامەرکەزیەت بۆ وەرگرتنی بڕیار بەهۆی فراوانبوونی چالاکییەکانی ڕێکخراو و چوونە ناو بواری هونەری پسپۆڕی نوێ.
٤- پەنا بردنە بەر دابەشکردنی کار و پسپۆڕی لە وەزیفەکاندا بەهۆی زۆری و فراوانی چالاکیەکان.
٥- تەرکیزکردنە سەر بەردەوامی پێشخستنی توانا و دابینکردنی بەردەوامی هێزی ماددی و مرۆیی و دارایی.
٦- کارکردن بۆ نوێبوونەوە.

**قۆناغی پێنجەم: سەقامگیری** (Stabiltity)

قۆناغی سەقامگیری تەواوی ڕێکخراو و، جێگیری بینای فەرمی و، پێگە و سنوور و بواری کارکردن و بزاوتن، کە بەم خاسیەتانە دەناسرێتەوە:

١- تەرکیز کردنە سەر شیاوی و کارایی ڕێکخراو لە میانەی زیادکردنی پرۆسەی پێشخستنی ناوخۆ و زاتی ڕێکخراوەکە.
٢- بەدیهێنانی جێگیری و سەقامگیری لە ڕێکخراودا لە میانەی سەقامگیری سەرکردە و جێگیری هەیکەلی ڕێکخستن و جێگیری ئەدای ڕێکخراو.
٣- بوونی لامەرکەزیەت و نەرم و نیانی لە وەرگرتنی بڕیارەکاندا لە ڕێگەی پرۆسەی بەخشینی دەسەڵاتەکاندا.

٤- زیادبوونی توانای ڕێکخراو بە شێوەیەکی فراوان بۆ مامەڵــەکردن لەگەڵ گۆڕانەکانی ژینگەی کارکردن.
٥- زیادبوونی پلە و ئاستی ئاڵۆزی لە ڕێکخراودا بەهۆی زیـادبوونی قەبارەی ڕێکخراو و فراوانبوونی لامەرکەزیەت لە ناویدا.
٦- زیادبوونی توانا و شارەزایی فراوانی ڕێکخراوەکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتە نوێکان و خۆگونجانـدنی لەگـەڵ کاریگەریـەکانی بەو شێوەیەی کە سەقامگیری و مانـەوەی ڕێکخراوەکـە مـسۆگەر بکات.

**قۆناغی شەشەم: پووکانەوە و هاتنەخوارەوە** (Decline)

لەم قۆناغەدا ڕێکخراو سەقامگیری لـە دەسـت دەدات و توانـا و هێزی بەردەوامی نامێنێت، خاسیەتەکانی ئەم قۆناغە:

١- هێواشــی و لاوازی کــاری ڕێکخــراو و توانــا نــەبوونی لەســەر بــەردەوامی بــە چەشــنێك کــە لەگــەڵ گــۆڕان و بــارودۆخی ژینگەکەیدا بگونجێت.
٢- زیــادبوونی ڕکابــەری و کاریگــەربوونی لەســەر ڕێکخــراو بــە چەشنێك کە بەشی ئەو لەشەقامدا کەمدەکاتەوە.
٣- هێزی بەخشش و پێدراوەکان (مخرجات)ی بەهۆی فاکتەری جۆرا و جۆرەوە لاواز دەبێت.
٤- زیادبوونی دەورانی قـەبارەی کـارکردنی بـەهۆی لاوازی ئـەدا و چوونەوە ناویەك.

٥- زیادبوونی ملـملانێ لەناو ڕێکخراودا بەهۆی زیادبوونی ناکۆکییـە جۆرا و جۆرەکان لەسەر خراپبوونی ڕەوشی ڕێکخراوەکە.

٦- گـۆڕانی جـۆراو جـۆری بـەردەوام لــە سـەرکردایەتیکردنی و هەڵسوڕانی ناوەندەکان و بەشەکان کە بە ناوی چاککردنی بـاری خراپی ڕێکخراوەکە پەنای بۆ دەبرێت.

٧- گەڕانەوە بۆ مەرکەزییەتێکی زۆر بەرز لــە وەرگـرتنی بڕیـاردا، و لەگـەڵ گـەورەبوونی قـەبارەی ڕێکخراوەکـە کـە دەبێتـە هـۆی قورسـایی جـوڵان و بزاوتـی ڕێکخراوەکـە و خراپـوونی ئـەدای ڕێکخراو بەهۆی لاوازی هێزی چاودێری.

٨- لاواز بوون و هاتنەخوارەوەی لێهاتوویی و کارایی ڕێکخراوەکـە بەهۆی قورسـایی لەنگـەر نـەگرتن و ڕووبـەڕووبوونی گرفـت و لەدەستدانی زۆر لەو بەرهەمانەی کـە پێـشتر هـەیبوون لاوازی و پووکانەوەی هەیبەتی شەقام و رای گشتی.

### سێیەم: چەمکی ڕێکخستن

پێویــستە جیــاوازی بکــەین لــەنێوان ڕێکخــستن وەك وەزیفــە (Organizing) و ڕێکخستن وەك ڕێکخراو (Organization).

ڕێکخستن وەك وەزیفەیەك لـە وەزیفـەکانی کـادری بـەرپرس لـە یەکەیەکی ڕێکخـستن بریتیـە لـە دیـاریکردنی ئـەو چـالاکیانەی کـە دەیەوێت بە دەستی بێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجـەکان و دیـاریکردنی ئەو تاکانەی کە هەڵدەستن بە جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانە بە شێوەیەك

که چالاکی دیاریکراو دەدرێتە ئەو کەسەی کە توانا و شیاوی هەیە بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەو چالاکیە.

هەروەها دیاریکردنی ناوەندەکانی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی و شێوازی چاودێریکردن و هەماهەنگییە لە نێوان ئەو چالاکانەدا، لەگەڵ بیناکردنی پەیکەری ڕێکخستن ئەوە ڕووندەکاتەوە کە دەبێ کێ (ئۆرگان یان کەس) بە چ هەڵبەستێنێت و کێش لە چ بەرپرسە....هتد، هەروەها ئەو ئەنجامانەی کە پێویستە پێبگەین لەکاتی دیاریکردنی تۆڕەکانی پەیوەندی گرتن و وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی کە بەشداری لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا دەکەن.

بەڵام ڕێکخستن وەك ڕێکخراو، ئەوا یەکەیەکی وەرگرتنی بڕیار دەگەیەنێ کە کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیی هەیە و کۆششدەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانج یان کۆمەڵە ئامانجێك.

یان بریتیە لەسیستەمێکی گشتی ئامانجدار کە چەند رۆڵ و وەزیفەیەکی هەیە لەگەڵ پەیوەندیەکانی ئەو ئامانجانە و تاکەکان لەگەڵ یەکتردا و ڕێکخستن وەك کیان یان بینایەك چەندین پێکهاتە لە خۆی دەگرێت، هەندێکییان دیار و بەرچاون و هەندێکیان نادیار و بەرچاونین، لە پێکهاتە دیارەکان[1].

١- وەزیفەکان، چالاکیەکان، ڕۆڵەکان.

---

(1) د. عبدالسلام أبو قحف وأصحابه، مبادئ الإدراة والتنظيم، جامعة الادارة والتنظيم. جامعة الاسكندرية، قسم ادارة الأعمال، ٢٠٠٩،ص ٢٣١.

٢- تاکەکان (بەرپرسی یەکە و دەستەکان) واتە ئەنـدامانی ڕێکـسختن لەگەڵ لایەنە ماددیەکانی تر.
٣- شوێنپێگەی جێبەجێکردنی چالاکی و وەرگرتنی بڕیارەکان...هتد.
٤- ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێـوان چـالاکییەکاندا هەیـە لەلایـەك و لەنێوان تاکەکاندا هەیە لە لایەکی ترەوە (پەیوەنـدی دەسـەڵات و بەرپرسیارێتی).

بەڵام پێکهێنەرە نادیارەکان، هەندێکیان بریتین لە:
١- بـەها هاوبەشـەکان (Shared value) لـە نێـوان ئەنـدامانی ڕێکخستندا.
٢- پاڵنەرایەتی (motive) و پێداویستیەکان.
٣- جۆرەکانی رەفتار و ئاراستەکان ....هتد کە لە ڕێکخستندا هەیە.

لێرەدا دەکرێ پێناسەی ڕێکخستن بکەین بەوەی کە بریتییە لە:

شـێوەیەکی دیـاریکراوە بـۆ پەیوەندیـەکانی نێـوان پێکهاتـە و بەشەکانی ڕێکخراو یان پەیوەندی عەقڵانی و دورستی وەزیفەکانـە لـە ڕێکخراودا ڕێکوپێك کـراوە بـۆ جێبـەجێکردن و بـەدیهێنانی ئامـانجی ڕێکخراو بەشیاوی و لێهاتووییەوە.

ڕێکخستن یان ڕێکخراو (ئۆرگانێکی حزبی) تـەنها ئامرازێکـە بـۆ بەدیهێنانی ئامانج نەك خۆی لە خۆیدا ئامانج بێت، کەواتە ڕێکخـستن ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە بە شێوەیەکی باش و کارا دەمانگەێنێتە ئـەو ئامانجـەی کـە مەبەسـتمانە، ئەمـەش مەسـەلەیەکە دەبـێ پێوەرەکـانی دیاریبکەین تا بەهۆیەوە باش و ناوەڕۆك و کارایی پێ بسپێرین.

## ڕێکخستن لە ڕووی ئیداری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

تیۆرەکانی تایبەت بە باسکردنی ڕێکخستن زۆرن، لە هەندێ توخم چونیەکن و لە هەندێکیشیان جیاوازن، بەڵام بیرۆکەی سەرەکییان کۆکردنەوەی خەڵکە لە دەوری مەسەلە لێکجیاوازەکان یان هاوپەیمانێتی سەبارەت بە ئامانج و مەبەستەکان.

وەك باسمانکرد، لە دیارترین سیماکانی هاوچەرخ، بوونی ڕێکخستنە لە سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە سەدەی ڕابردووە و سیمای ڕێکخستن فراوان بووە، کە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیداری و سیاسیەکان هێناویەتە ئاراوە، شکڵ و شێوە ڕێکخستنەکان توانا و لێوەشاوەیی زۆریان هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە سەری پێکهاتوون.

لەمەشەوە شارستانیەتێك لە ئارادایە کە بە عەقڵانی و کارایی و لێهاتووییەوە دەناسرێتەوە، و ڕێکخستن دیاردەیەکی کۆنە و لە چاخەکانی ڕابردوودا بە شێوازی جۆرا و جۆر هەبووە.

**١- ڕێکخستن بە گوێرەی تیۆرەکانی بەڕێوەبردن**

پێناسەی سادە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ڕێکخستنی ئیداری وا دەکات تاکەکان بەکاراییەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، یان دەگوترێت کە ڕێکخستن واتە بوونی دوو کەس یان زیاتر کە هاریکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن و کارەکانیان لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو.

## ٢- پێناسەی گشتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی:

یەکەیەکی کۆمەڵایەتی یان گروپێکە، ئەندامانی لە میانەی تۆڕێکی پەیوەندییەوە، بەهۆی چەند پێوەرێکی دیاریکراو و بەهای کۆمەڵایەتیەوە ڕێکخراون، کەواتە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕێگا و ئامرازانە دەوردەدات و ورد دەکاتەوە کە بەهۆیەوە ڕەفتاری مرۆڤ شێوەیەکی ڕێکخستنی ڕێکخراو و ڕێکخەر وەردەگرێت.

واتە کۆمەڵە تاکێکە کە یەك ئامانجیان هەیە و چەند ڕێسایەك کە لەسەری ڕێککەوتوون کۆیان دەکاتەوە و بەکاری هاوبەش هەڵدەستن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

## ٣- ڕێکخستنی سیاسی

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵەیەکی یکگرتوون لە تاکەکان کە چەند مەرجێکی دیاریکراوایان هەیە و بە ئامانجی سیاسی هاوبەش پابەندن، کۆنسێپتی تیۆری چوون یەکیان هەیە و بۆ پاراستن لەسەر چەند ڕێسایەك ڕێککەوتوون و کاری هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە ئەنجام دەدەن.

لە دیارترین تیۆریستەکانی کاری ڕێکخستن سانت سیمۆن و دوای ئەویش کارل مارکس و ماکس فیبەرو، روبر میشیزە، کە شیکردنەوەی تیۆری زۆر قووڵیان پێشکەش کردووە و لە روانگەیەکی کلاسیکییەوە کاریگەری ڕێکخستنە هاوچەرخەکانیان

لەسەر بیناکردنی هێز لە کۆمەڵگادا خستۆتەڕوو.

هێز لە کۆمەڵگادا بەهۆی پەیوەندی و بەیەکەوە گرێدانی گـروپ و رایەڵەکانی کۆمەڵگا کە دەتوانێ کاریگەری ناوخۆ و دەرەکی دابنێ و خواستی خۆی بچەسپێنێت، چەسپاندنی هێزیش لە کۆمـەڵگادا بـەو ئامانجەیە کە پەیوەستە بە کرۆکی ئازادی مرۆڤبوونی دەسەلمێنێ.

لە رابردوو و هاوچەرخیشدا کارکراوە بۆ دیراسەکردنی دیاردەی رێکخستن و چۆنیەتی مامەڵـە کـردن لەگەڵیـدا، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشتی هەموویان لە دەوری چەند پرسـیارێکدا خۆیـان دەبیننـەوە کـە بریتین لە:

١- سروشتی رێکخستنە مرۆڤایەتیەکان چیە؟

٢- ئەو رێکخستنانە چۆن کاردەکەن؟

٣- چۆن دەجولێن؟

٤- چۆن پێشدەکەون؟

## بەڕێوەبردن و رێکخستنی سیاسی

زانای ئابووری و بەڕێوەبردنی بەناوبانگ (بیتر دراکر)، لە کتێـب و بیرۆکەکانی یارمەتی زۆر لە کۆمپانیاکانی بۆ پێشکەوتن دا، ئەویش بـەهۆی جـەختکردن لەسـەر بنـەمای یەکـەم ئینتیمـا و بـەهاکانی دامەرزاوەکە، دووەم توانای بە ئەنجام گەیاندن.

سەبارەت بە پەیوەندی ئەم دوو خاڵە گرنگە و خودی رێکخـستنی ئیدارە لەگەڵ رێکخستنی سیاسی، هەندێ لە پـسپۆڕان و بایەخـداران

ئەم بەراوردکارییە لە نێوان ئیدارە و ڕێکخستنی سیاسی بە نازانستی لە قەڵەم دەدەن، بەڵام دەبێ بێگومان بین کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و پتەو هەیە لە نێوان ئەم دوو بوارەدا. چۆن؟

وەڵام ئەوەیە کە کاتێ تۆ هانی ئەوانی تر دەدەی واتە تۆ قیادە (ڕابەرایەتی – سەرکردایەتی) دەکەی کە گیروگرفتەکانیان چارەسەر دەکەی واتە تۆ بەڕێوەبردن دەکەی، کاتێ باشترینیان بۆ کارێك دیاریدەکەی کە چییان لە هەگبە دایە ئەوا سەرکردایەتیکردن دەکەی و کە بە ئەرکێك ڕایان دەسپێری ئەوا تۆ کاری بەڕێوەبردن ئەنجام دەدەی، کاتێ کارەکان بە شێوەیەکی دروست ڕاییدەکەی ئەوا بەڕێوەبردن دەکەی و ئەگەر کاری ڕاست دەکەی ئەوا سەرکردایەتی دەکەی.

کەواتە سەرکردە بەڕێوەبەرە و بەڵام مەرج نیە بەڕێوەبەر سەرکردە بێ، بەم شێوەیە لە ڕێکخستنی سیاسیدا پێویستیمان بە بەڕێوەبەرە هەروەك پێویستیمان بە سەرکردە و تواناکانی ترە.

بەم شێوەیە لە کاری ڕێکخستنی سیاسیدا، کۆنسێپت و زاراوە و مانای زانستی یاسا و سیاسەت و ئیدارە و زانستی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجیا و ئابووری بەکار دێن، تا بتوانی بە دروستی باری ڕێکخستنی مرۆڤەکان تیۆریزە بکەیت.

## پێناسەی ڕێکخستن

بۆ پێناسەکردنی ڕێکخستن ڕێبازو بۆچوونی جۆربەجۆر هەیە، کە بەگشتی دەکرێ لەم شێوە پێناسەکردنە جۆربەجۆرانەدا چڕی بکەینەوە:

١- ڕێچکەی کۆمەڵایەتی: بە بۆچوونی ئەم ڕێبازە، ڕێکخستن واتە کۆمەڵە خەڵکێك کە هاوبەند و هاریکارن لەگەل یەکتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان بە گوێرەی بەرپرسیارێتی و ڕۆڵی دیاریکراویان.

٢- ڕێچکەی هەیکەلی: ئەم ڕێبازە پێیوایە ڕێکخستن بریتیە لە هەیکەلێك کە پشت بە چۆنیەتی پێکهاتەکانی پەیکەر لە چوارچێوەی ڕێکخستنی فەرمیدا دەبەستێ.

٣- ڕێچکەی سلوکی (ڕەفتاری): ئەم ڕێبازە وا سەیری ڕێکخستن دەکات کە بریتیە لە هەیکەلێکی تێکەڵ لە پەیوەندی گرتن و پەیوەستبوون بە ڕەفتاری زانستییەوە.

٤- ڕێچکەی زانستی: بە بۆچوونی ئەم ڕێبازە، ڕێکخستن بریتیە لە دامەزراوەیەك یان تەشکیلکردنی ڕێکخستنێك کە چەند ئەرکی دیاریکراوی هەیە و بۆ بەدیهێنانی کۆششدەکات.

هەروەها بیرمەند (لیتر) پێناسەی ڕێکخستن دەکات و دەڵێ: ڕێکخستن بوونێکی کۆمەڵایەتییە لە لایەن تاکەکانەوە پێکهاتووەو گەشەی پێکراوە بۆ بەدیهێنانی چەند شتێك کە بەبێ ئەم ڕێکخستنە نایەتەدی، ئەمەش تاکی جۆربەجۆرو بە مەعریفە دەگرێتە خۆ کە لەیەك

هەیکەلـدابن و سیستەمێکیان هەبێت بـۆ ئـەوەی گوزارشـت لـە یـەك وەحدەی تەواوکەر بکەن.

لەم شیکردنەوە گشتیەدا، دەتـوانین توخمـەکانی ڕێکخـستن بخەینـە ڕوو کە بریتین لـە:

أ- ڕێکخستن سیـستەمێکە لـە هـاتوو (مـدخلات Input) و پرۆسـەی کارو دەرکردە (مخرجات Output).

ب- ڕێکخستن پەیوەندی کۆمەڵایـەتی دەگرێتـە خـۆ چـونکە تـاکێکی جۆراوجۆر بەیەکەوە پەیوەست دەکات.

ج- بە هۆی ڕێکخستن پێداویـستیەکان دێتـەدی، چـونکە یەکەیـەکی تەواوکارو تەواوە.

د- ڕێکخستن هەیکەلی هەیە.

ه- پەیوەندیەکانی ناوخۆ پەیوەندی تەواوکاری یەکتر دەبن.

یەکێ لـە باشترین پێناسـەکان، لەلایـەن سـتیڤن ڕۆبنـزەوە کـراوە کـە دەڵێ:

ڕێکخستن کیانێکی کۆمەڵایەتیە بە هۆشیارییەوە هەماهەنگی هەیـە، سـنورێکی دیـار و ئاشـکرای هەیـە، لەسـەر بنەمایـەکی بـەردەوام کاردەکات، بۆ دیاریکردنی ئامانجێك یان چەند ئامـانجێکی دیـاریکراو. لـەم پێناسەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڕێکخستن چەند خاسیەتێکی هەیە

لەوانە[1]:

١- كيانێكى كۆمەڵايەتى يان كۆمەڵە تاك و گروپێكە كە بە پلانێكى پێشوەخت و بە هۆشيارييەوە كۆدەبنەوە نەك بە ڕێكەوت.

٢- بوونى چوارچێوەيەكى دياريكراو و روون كە ناسنامەى ئەندامانى گروپەكە دياريدەكات.

٣- بوونى پەيوەندييەك كە بەردەوامى هەيە لە نێوان ئەوانەى كارى ڕێكخستن دەكەن.

٤- بوونى ئامانج كە ئەو ڕێكخستنە دەيەوێت ئەنجاميبدات لە ميانەى ئەو ڕۆڵە جوار و جۆرانەى كە بەشدار بوون دەيانەوێت بەدى بێنن.

## گرنگى ڕێكخستن

بە شێوەيەكى سەرەكى دەكرێ لايەنە گرنگەكانى ڕێكخستن و خۆ ڕێكخستن لەم خاڵانەى خوارەوەدا چڕ بكرێتەوە:

١- ڕێكخراوەكان (ڕێكخستنەكان) بە وردى بناغەى مەدەنيەتى هاوچەرخ پێكدێنن، بەو پێيەى كە تۆخمى پێشكەوتن و نوێبوونەوە لە كۆمەڵگادا پێكدەهێنن و ئامرازى بيناكردنى شارستانيەتن.

٢- ڕێكخراوەكان يەكەى پێشخستنى سەرەكين لە پێشكەوتنى

---

(1) د. محمد قاسم القريوتي، نظرية المنظمة والتنظيم، دار وائل للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٠، ص٣٥-٣٩.

مرۆڤایەتیدا بەو پێیەی کە کۆکراوەی سەرچاوە و سامانەکانی ماددی و مرۆیی و داهێنانەکان بە شێوەیەك دەبن کە پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی پێشکەوتوودانە پێشکەش دەکەن.

٣- رێکخستنەکان بنچینەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی و شارستانیەتن.

٤- رێکخراوەکان نوێنەرایەتی ناوەندی دروستکردنی راو وەرگرتنی بڕیار دەکەن.

٥- رێکخراوەکان پێکهاتە و دەفری سەرەکی چالاکیە کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکانن وەك: بە مەدەنیبوون، پەیوەندی کردن، پلەبەندی کۆمەڵایەتی، دروستبوونی چەمکەکان و نەریتەکان، مومارەسەکردنی دەسەڵات، بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگا.

٦- رێکخستنەکان دەسەڵاتی کاریگەر و فشار لەسەر کۆمەڵگاکان دروست دەکەن.

٧- رێکخستنەکان ئامرازی تێرکردنی پێداویستیە مرۆییە تاکی و کۆمەڵایەتیەکانن.

٨- رێکخستنەکان ئامراز و ناوەندی پیادەکردنی کار و چالاکی تاکەکانە لە لایەك، وە کاریگەری دانان لەسەر رەفتاریان لە لایەکی ترەوە.

٩- رێکخستنەکان سەرکردایەتی کۆمەڵگا دەکەن بۆیە بەرپرسیارێتی چاودێری و ئاراستەکردن و هاندان و پەروەردە و دروستکردنی

رای گشتی و نیشاندانی وێنەی کاری ئاینده دەخەنەڕوو.

١٠- هەر ئەندامێکی ڕێکخستن وای لێ دەکات کە ئەو کارانەی کە دەبێ پێی هەستێت ئەنجامی بدا و کاری هەریەکەیان دیاری کراو دەبێت و هەر یەکەیان پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوروبەر دەناسێ.

١١- ڕێکخستنەکان هێزە ماددی و مرۆییەکان کۆدەکەنەوە و بەرەو یەك ئاراستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان هەنگا و دەنێن.

١٢- لە ڕێگەی ڕێکخستنی کاراوە ئیزدواج لەکار و بڵاوی بەرپرسیارێتی و هەڵاتن لێیەوە کەم تەرخەمی لە دەرکردنی بڕیار و بەیەکداچوونی دەسەڵاتەکان و هەموو نەخۆشییەکانی تری ئەنجامدانی کار و چالاکی چارەسەر دەبێت.

١٣- لەناو ڕێکخستنی باشدا هەموو تاکێك دەسەڵاتی پێویستی دەبێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە دەبێ پێی هەڵبستێت.

## گرنگی ڕێکخستنی سیاسی

بە گوێرەی ناوەندی کارکردن و ئامانجی هەر ڕێکخستنێك گرنگی هەمەلایەنی ڕێکخستنی سیاسی دیار دەکریت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم گرنگییانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

**یەکەم:** ڕێکخستنی سیاسی ئامرازێکە بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ (یان تایبەت بە ڕێکخستنەکە)

**دووەم:** ئامرازێکە بۆ ڕاهێنان و دروستکردنی مرۆڤێك کە توانای هەڵگرتنی فیکری نوێ یان تایبەت بە ڕێکخستنی هەبێ و بیگوازێتەوە

بۆ ئەوانی تر، لە رووی هۆشداری و پیادەکردنەوە بەرجەستەی بکات.
**سێیەم**: رێکخستنی سیاسی ئامرازێکە بۆ جوڵاندنی جەماوەر لە بازنەی سۆز و عەفەویەتەوە بۆ بازنەیەکی رێکخراو.
**چوارەم**: رێکخستنی سیاسی ئامرازێکە بۆ بیناکردنی گیانی جەستەی گروپ و کاری بە کۆمەڵ.
**پێنجەم**: رێکخستنی سیاسی ئامرازێکە بۆ کەشفکردنی یاساکانی گۆڕان لە کۆمەڵگادا.
**شەشەم**: رێکخستنی سیاسی ئامرازێکە بۆ وەلانانی سیستەمی کۆن و بیناکردنی سیستەمێکی نوێ، ئەویش بە هێنانەئارای چەمکی نوێ بۆ ناو حزب.

## چوارەم: راڤەکردنی چەمکی رێکخستن لە رووی تیۆرییەوە

لە راستیدا تیۆری سیاسی ئەو خۆراکە فیکرییەیە کە بە هۆیەوە سروشتی تیۆری رێکخستنی پێ دیاری دەکرێت.

ئاشکرایە کە دروستی و راستی تیۆری سیاسی و روون و ئاشکرایی لە هێڵی سەرەکی گوتاری خۆیدا، بەشداری گرنگ لە دروستی تیۆری رێکخستندا دەکات و بەرچاو روونی لە ئەرك و مافی ئەندامانی رێکخستندا نیشان دەدات، چونکە فیکرو ئیدۆلۆژیا بە تایبەتی لە قۆناغی ئازادی نیشتمانی بونیادێکی رێکخستنی ئەوتۆ دەخوازێ کە بتوانێ لەگەڵ سروشتی بزاوت و کارکردنیدا گونجاو بێت و، دوور بێت لە بیروباوەڕی دۆگمایی.

بۆ پێناسەکردنی تیۆری ڕێکخستن، پێویستە ئەوە روونبکەینەوە کە چەمکی (تیۆر) گوزارشتێکە لـە بـواری جۆراوجـۆردا بـەکاردێت و، چەند جۆرێکە، تیۆر لە بواری زانستە سروشـتیەکان وەك ئـەوەی کـە پەیوەندی بە سەرجەم بوارەکانی بوون و پێشکەوتن و جولّەی مـاددەو ژیـانی سروشـتییەوە هەیـە، وەك تیۆرەکـانی فیزیکـی و پزیـشکی و ماتماتیك و...هتد، هەروەها لـە بـوارە مروڤایەتیەکانـدا، پەیوەسـتە بـە یاساکانی ژیانی کۆمەلأیـەتی و کارلێککردنیـان لـە ڕووی هەسـت و سۆزو هۆش وبیرو ژیانی کرمەلگاوە.

هەر بۆیە چەمکی تیۆر لە بنەڕەتدا پرۆسـەی بینـاکردنی بۆچـوونی عەقلّییە کە پێشەتاو دەرئەنجامەکان بەیەکەوە دەبەستێت و، لـە بـواری زانستی سروشتیدا دەبێت بە یاسایەکی زانستی.

بەلأم لە بواری مرۆڤایەتیدا ئەوا سـەلماندن بـە مەنهـەجی زانـستی ئاسان نیە و بگرە لە هەندێ حالّەتدا ناتوانرێت بسەلمێنرێت، هەر بۆیـە ئەم تیۆرە لـە میانەی پراکتیك و لۆژیکدا دەسەلمێنرێت.

هەر لـە مەشەوە چـەند جـۆرە نەسـقێك کـە بـە تیۆرەکـانی یـەك مەنهەجەوە پەیوەستن و، بـە هێـزی لـۆژیکی قەناعەتـدار چـەکدارن و وەلأمی سەراپاگیرو گشتگیریان هەیە بۆ ئـەو پرسـیارانەی کـە لەسـەر واقیعێکـی بابـەتی مرۆڤایـەتی دەکـرێن، بـەم شـێوەیەش ڕێـچکە یـان ئایدیۆلۆژیایەك پێکدێنن.

لێرەدا دەتـوانین تیـۆری ڕێکخـستن روون بکەینـەوە بـەوەی کـە گوزارشتێکە لە بـواری مرۆڤایـەتی پەیوەسـت بـە ژیـانی کۆمـەلگای

سیاسی بەکاردێت، کە یەکەیەکی نیزامییە لە کۆنسێپتگەلی عەقلی گشتگیر، بۆ بیناکردن و کاری ڕێکخستن کە لە واقیعەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی خواستراوو ویستراو.

بەو پێیەی کە ڕێکخستن، کۆمەڵێکی یەکگرتووە لە تاك و، بە چەند مەرجێکی دیاریکراو بە یەکەوە بەستراون، کەواتە چەند خاسیەتێکی هەیە لەوانە:

١- پلانی سیاسی ڕوون.

٢- بونیادی ڕێکخستنی دروست و هاریکاری و دابەشکردنی ڕۆڵەکان (أدوار) و چۆنیەتی میکانیزمی پابەندبوون (ئیلتیزام).

٣- تواناو کاریگەری بۆ هاندانی کۆمەڵ.

٤- توانای هەیە بۆ سەرکردایەتیکردنی ڕووداوو پێشهاتەکان.

٥- توانای کارلێکی هەیە لەگەڵ دەوروبەر.

سەرەڕای ئەم خاسیەت و خەسڵەتانە، ئەم گروپە ئامانجی سیاسی هاوبەش و چەمکی تیۆری لێکچوویان هەیە، واتە ئامانجێکیان هەیە کە حوکمی قەزیەکە دەکات و کۆمەڵێ ئامانجی لێوە سەرچاوە دەگرن، چەمکە تیۆریە لێکچووەکان، لەم ڕووەوە ئەمانە دەگرێتەوە:

١- تیۆری سیاسی

٢- بەرنامەی سیاسی

ئەم چەمکە تیۆریانەش بەرئەنجامی چەند چەمك و کۆنسێپتی ترن، وەك (ئامانجەکان و فیکرو بیرو باوەڕ و پرینسیپەکان و شێوازەکان و سیاسەتی قۆناغەکان و ناسینی بەرامبەر نەیارو دۆست و سروشتی

پەیوەنــدی و گەیاندنــەکان لــەگــەڵ سروشــتی ڕێکخــستن و سروشــتی ژینگەی دەرەکی.

هەروەها ڕێکخستن چــەند ڕێــسایەك کــە لەســەری ڕێککــەوتوون حوکمی دەکات، (یاسایەك) کە چەند لایەنێکی ئەم بوارە دەگرێتە خۆ، لەوانە ڕێسای کــارو شــێوازی ڕێکخــستن و، شــێوەو پلــەو هەیکــەلی ڕێکخــستن، سروشــتی پەیوەنــدی نێــوان ئۆرگانــەکان و، ئوســولی وەرگرتنی بڕیارو چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان.

تاکەکانی ناو ڕێکخستن کاری هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ئەنجام دەدەن، لەوانە، بڵاوکردنەوەی فیکری سیاسی بۆ ڕێکخــستن و پەرەپێــدان و گەشــەکردنی و، زیــادکردنی ئەنــدام و دۆســت و لایەنگیرو،هاندانی جەماوەرو کۆکردنەوەیان لە دەوروبەری ڕێکخستن و، پەروەردەکردن و دروســت کردنــی بینــای ڕێکخــستنی فیکــری و ڕۆشــنبیری و سیاســی و، ڕاپەڕانــدنی ئــەرك و چــالاکی و بەســتنی کۆبوونەوەو کۆنگرەو، خزمەتکردنی کۆمەڵگاو، پشتگیری خــەڵك و بەدیهێنانی پێداویستیەکان و، ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و ســتەمکاری و، ڕێکخــستنی خۆپێــشاندان و ڕێپێــوان و کــاری ئۆپۆزســیۆنی و، پشتگیری بەهرەداران و، هاندانی کادر و پەروەردەکردنی و دەرفــەتی یەکسانی بۆ ڕێکخستنی تواناو بەهرەکانی.

هەروەها لایەنێکی تری گرنگی ئەم خاسیەتانە چــۆنیەتی کارلێــك کردنیــەتی لــەگــەڵ سروشــتی دەوروبــەری سیاســی و ئــابووری و کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی، لــەم چوارچێوەیەدا بــە

باشی دەزانین پەیوەندی نێوان تیۆری ڕێکخستن و تیۆری سیاسی دواتر ڕوون بکەینەوە.

**تیۆری ڕێکخستن** (Organization theory)

مەبەست لە تیۆری ڕێکخستن تەنها بوونی تیۆرێك نییە کە چەمکی ڕێکخستنی لێکدابێتەوە، بەڵکو چەند ڕێبازێك دەگرێتەوە کە لە مێژووەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، بەڵکو هەریەکە لەوانە نمایندەی ڕێباز یان تەیارێکی فیکری دەکەن کە فاکتەرەکانی ژینگەی ناوخۆ شیدەکەنەوە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەفتاری ڕێکخستن لەناو ڕێکخراودا بەشێوەیەکی گشتی. کەواتە یەك تیۆر نیە کە دیاردەی ڕێکخستنی پێشبکرێتەوە.

تیۆری ڕێکخستن بایەخ دەدات بە دیراسەکردنی هەیکەلی ڕێکخستن و شێوەی دیزاینی ڕێکخستن کە لەگەڵ هەر یەکەیەکی ڕێکخستندا (ڕێکخراو) بگونجێت و بە گوێرەی تایبەتمەندی هەریەکەیان و خاسیەت و سیفاتی گشتی پێشکەش دەکات کە دەبێ ئەنجامبدرێت بۆ چاککردنی سیفەتەکانی ڕێکخستن بەگوێرەی بنەمای زانستی، ئەمەش بە ئامانجی باشکردنی ئەداو کارایی، چونکە پەیوەندی هەیە لە نێوان شێوەی دیزاینی ڕێکخستن و ئەکتیڤبوونی ڕێکخستن.

## ڕێکخستن و ڕەفتاری ڕێکخستنکاری

تیۆری ڕێکخستن جەخت دەکاتە سەر دیراسەکردنی هەیکەلی ڕێکخستن و پێکهاتە دیارە جیاوازەکانی، لە ڕووی قەبارە و جۆری ئەرك و جۆری سامانی بەکار براو، ئەو ژینگەیەی کە ڕێکخستن کاری تێدا دەکات و ئەو پرینسیپە جیاوازانەی کە کاریگەری لەسەر شێوەی دیزاینی ڕێکخستندا بەجێدەهێڵن، واتە دیراسەیەکی سەراپاگیرە (Macro perspective).

بەڵام ڕەفتاری ڕێکخستن، دیراسەی ڕێکخستن دەکات لە ڕوانگەیەکی بەشی (Micro perspective) کە تەرکیز دەکاتە سەر ڕەفتاری تاك و گروپەکان و ئەو دینامیکیەتەی کە تێیدایە، لەگەڵ دیراسەکردنی ئەو هۆکارانەی کە ڕەفتاری تاك و گروپەکان دیاری دەکەن، لەوانە: پاڵنەرەکان، بەها، ئاڕاستەکان، پڕۆسەی دەرککردن و فێربوون، شێوازی سەرکردایەتیکردن، کاریگەری ململانێ لەسەر کار، جۆری کەسایەتی، گۆڕاوەکانی تری وەك توانا و بەرهەمی تاك، دیاردەی جدییەت لە کار و بەردەوامی ...هتد.

بەم شێوەیە هەر یەکە لە ڕەفتاری ڕێکخستنکاری و تیۆری ڕێکخستن یەکتر تەواو دەکەن، چوونە ناو یەك لەو بابەتانە دێتە ئاراوە، کە هەر یەکە لە چواچێوەی هەر بابەتێکدا لێیدەکۆڵنەوە، بەڵام لە گۆشەی جیاوازەوە، بۆ نموونە دیراسەی بابەتی ململانێی بابەتی ڕێکخستن لە ڕوانگەی ڕەفتاری ڕێکخستنکاری ئەنجام دەدرێت بەو پێیەی کە ململانێیە لە نێوان تاکەکان، و لە نێوان تاکەکان و

گروپەکاندا.

هۆیەکەشی بۆ ئەو لایەنانە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندی بە شێوازی پەیوەندیگرتنەکان و کەسایەتییە جیاوازەکان و جیاوازییەکانی ئاستەکانی دەرك پێکردنەوە هەیە، بەڵام لە گۆشەنیگای تیۆری ڕێکخستنەوە، ئەوا دیراسەی ململانێی ئیداری دەکرێت بەو پێیەی کە ڕوویەکە لەو ڕووانەی کە پەیوەندی بە هۆکانی کاری ڕێکخستنەوە هەیە وەك لاوازی کەناڵەکانی پەیوەندیگرتن و ئامرازەکانی هەماهەنگی و هەڵە وخەوشی لەدیزاینی ڕێکخستنکاری کە دەبێ بەهۆی پرۆسەی دووبارە ڕێکخستنەوە چاك بکرێتەوە.

## ڕێکخستن لە ڕوانگەی ئۆرگانی – تیۆری سیستەم

ڕێکخراوەکان (ڕێکخستنەکان) کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکان و گروپەکان و نەتەوەکانیشدا دەنێن، بەشێوەیەك کە توانا و لێهاتوویی هەبێت تا کاریگەرییان لەسەر دابنرێت و بە شێوەیەکی دروست ئاڕاستە بکرێن و بە شێوەیەك دابنرێن کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بن بۆ زیاتر گرنگی و بایەخدان بە گرنگی کارلێکردن لە نێوان ڕێکخستنەکان و ئەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکەن، ئەوا لە ڕوانگەی سیستەمەوە (system view) وەك سیستەمێکی بایۆلۆجی (Biological system) تەماشای دەکرێت.

سیستەم بەوە پێناسە دەکرێ کە لە چەند بەشێك یان سیستەمی فەرعی (Sub-systems) پێکدێت کە لەگەڵ یەکتر پەیوەندار و

بەیەکەوە سازاون بەشێوەیەك کە لەگەڵ یەکتردا یەکەیەکی تەواوکاری پێکدێنن.

مەبەست لەمە ئەوە نیە کەوا سەیری مرۆڤ بکرێت کە سیستەمێکی کامڵ و تەواوە، لە چەند سیستەمێکی فەرعی پێکدێت کە هەمان ماف و خاسیەتی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەبێ بە گشتی بە شێوەیەکی هاوسەنگ بایەخیان پێبدرێت تا مرۆڤ تەندروستی باش بێت.

تەندروستی مرۆڤ بەباش کۆئەندامی هەناسە و دەورانی خوێن و کۆئەندامی دەمار و ئەوانی تر پێکدێت، خراپی هەریەکەیان دەبێتەهۆی دروستکردنی کێشە بۆ تەندروستی سیستەم بەگشتی کە ئەویش لاشەی مرۆڤە.

لە گۆشەی ئەم روانگە سیستەمیەوە، دەبێ سەیری رێکخراوەکان بکرێت کە سیستەمێکن و لە چەند سیستەمی فەرعی پێکدێن کە هەر یەکە خاسیەتی خۆی هەیە بەڵام لە کۆتاییدا یەك سیستەمی تەواوکاری پێکدەهێنن کە بە سیما گشتییەکەی لە سیمای سیستەمی فەرعی جیا دەبێتەوە.

ئەم روانگەیە ئەو وێنەیەمان لە رێکخستن بۆ دروست دەکات کە سیستەمێکی کراوەیە (open system) کاریگەری دادەنێ و کاریگەر دەبێ بە فاکتەرەکانی ژینگەی کارکردن و هامەهانگی لەگەڵدا دەکات و سیستەمێکی داخراو (closed system) نیە کە لە ژینگەی خۆی داخراو بێت.

ئەگەر سەیری حزبێکی سیاسی بکەین لە روانگەی تیۆری

سیستەمەوە بەو پێیەی کە ڕێکخستنێکە، توخمی یەکەم کـە دابنـێین بـە هاتووەکان (مدخلات) لە توخمی مرۆیـی پێکـدێت ئەنـدام و کـادر و هەڵسوڕا و سەرکردایەتی، هەروەها ئەو پرینسیپ و هێزە بیربـاوەڕ و ئایدیا و سـەرمایە مـاددی ومەعنەویـەی کـە هەیەتی،لەگـەڵ شـێوازی مامەڵەکردنلەگــەڵ ڕێکخــستنەکان و پەیوەنــدی وئــەرك لــە هــەر ئۆرگانێك.

هەروەها هاتووی مەعنەوی کـە ئـەو یاسـا و پـەیڕەوە ڕێنمـایی و ئاڕاسـتانەیە کـە حـزب بـەهۆی کـارلێکی نـاوخۆ و دەرەوە لەگـەڵ ڕێکخستنەکان و رای گـشتی ئاڕاسـتەیەك دەکـات، تـوخمی دووەمـی سەرەکی ئەوەیە کە حزب لە ڕێگای پرۆسەی ڕێکخستنەوە بەرهـەم و ئەنجام بەدی دێنێـت کـە بریتیـە لـە قۆناغـەکانی: پـلان، ڕێکخـستن، ئاڕاستەکردن، چاودێری و بەدواچـوون و دارایـی حـزب ڕاگەیانـدنی دیدگای خۆی بۆ دەرەوە، واتە چۆن هاتووەکان دەکات بە دەرکـردن لەم ناوەدا وەك توخمی سیستەم چۆن کادری سەرکردە و هەڵسوڕاوی سەردەمیانە دروست دەکات و لەسەرجەم بوارەکانی پرۆژەی جـۆرا و جۆر بۆ دامەزراوەکانی دەوڵـەت و ئـەو ئاسـتانەی کـە پێویـستن بـۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا و حزب دەیخاتەڕوو.

توخمی چوارەم ئەوانـە دەگرێتـەوە کـە لـە چـالاکی و بەرنامـە و پرۆژەکـانی حـزب سـوودبەخش دەبـن و چـۆن حـزب کارلێکییـان لەگەڵدا دەکات و دەیانکاتە هەوادار و لایەنگری سیاسەتی خۆی.

توخمی پێنجەم ئەوەیە ئەو هۆکارە دەرەکییانە چین کـە کاریگـەری

لەسەر حزب دادەنێن، وەك ژینگەی حزبەکانی تری رکابەر و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا و راگەیاندن و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ....هتد.

توخمی شەشەم ئەو فیدباکەیە کە بەڕاو سەرنج و بۆچوونی جۆرا و جۆرەوە لە ناو کۆمەڵگا و کایەکان و خەڵکەوە سەبارەت بە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی حزب و کارکردنی دێنە ئاراوە کە بێگومان حزب جارێکی تر وەریانبگرێت و دیراسەیان بکات. لێرەدا رێکخستن دەبێ ئۆرگانێکی جدی و سەرەکی هەبێت بۆ دیراسەکردنی هەموو ئەم توخمانە.

سیستەم لەم روانگەیەوە ئەوخاسیەتانەی دەبێ کە لە چەند دەورەیەکی کاری دووبارە بووە پێکدێت و ئەو پڕۆسەیەی کە ئەم توخمانەی سەرەوەی پێدا تێپەڕ دەبێت بەردەوام دەبێ، توانای چاکسازی زاتی و پێشکەوتنی دەبێت و لە لاوازی خۆی دوور دەخاتەوە چونکە دەرکردەکانی (مخرجات)ی زیاتر دەکات و بەهێزتر دەکات لە هاتووەکانی (مدخلات)، و توانای گەشە و بڵاوبوونەوەی دەبێت و ئامانجی زیاد دەکات و فراوانبوونی چەندایەتی دەکات هەندێ جار لەسەر حیسابی چۆنایەتی ئەگەر هاتوو فراوانبوونی بە زەرورەتی مانەوە زانی نەك هۆیەك بۆ توانای لێهاتوویی و پێشکەوتنی چۆنایەتی و توانای گونجانی دەبێت تا هاوسەنگی لەگەڵ ژینگەی ناوخۆ و دەرەوەی رێکخستندا بکات، چونکە گرفتێکی سەرەکییە کە حزب نەتوانێ ئەو هاوسەنگە دروست بکات یان وەك تاکتیك و قۆناغ

سەیری بکات.

ئەم گونجانە وا دەکات تۆ لە گۆڕانی بەردەوام دا بیت، هەروەها توانای بڕینی کۆت و ئاستەنگەکانی دەبێت، بەم شێوەیە گرنگە حزب هەموو فاکتەرەکانی لەبەر چاو بێت و ئەو فاکتەرانەی کە ڕێگرن لەبەردەم گۆڕان و گونجان بیانناسێت تا بەردەوام ئەلتەرناتیڤی هەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

**أ- تیۆری ڕێکخستن و پەیوەست بوون بە تیۆری سیاسییەوە.**

پڕۆسەی ڕێکخستن کارێکی سیاسیەو بە ئامانجی سیاسییەوە پەیوەستە، وە تیۆری سیاسی ژینگەی بەبیرو باوەڕو سەرەکی تیۆری ڕێکخستن پێك دێنێت.

ئەم پەیوەست بوونە – کاریگەری دوولایەنەی لە هەمبەر یەکتر هەیە – سەرچاوەی ئیلتیزامی ڕێکخستنە، چونکە ئەسڵ لە پڕۆسەی ئیلتزامەکەدا ئەو کەشە لە بارو بەبیروباوەڕەیەیە، لەبەر ئەوەی تیۆری سیاسی لە ڕووی تیۆرییەوە بە بەهاو نموونەی باڵا و ئامانجەکانەوە پەیوەستە.

لە ڕووی پراکتیکیشەوە بە پێداویستیەکانەوە پەیوەستە، بە ئامانجی بەرەو پێش بردنی ژیانی مرۆڤایەتی لە واقیعێکەوە کە پێویستە بگۆڕدرێ بگوازرێتەوە بۆ واقیعێکی تر کە خواستێتی.

بێگومان ڕێکخستن ئامرازی بنەڕەتی ئەم ئاڵوگۆڕی و گواستنەوەیە کە بە بیرباوەڕەوە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان

بەرجەستە دەكات. ئەو ئامرازانەش لەگەڵ پاڵنەرو ئامانجەكان گونجاون تا لە توانایاندا بێت ئامانجەكان بەدی بێنن و ئەو پاڵنەرانەش ئامادە بكات.

بە كورتی كاریگەری تیۆری سیاسی لەسەر لایەنی تیۆری ڕێكخستن لەم خاڵانەدا كورت دەكەینەوە:

١- تیۆری سیاسی ماددەو ناوەڕۆك بەپڕۆسەی ڕێكخستن دەبەستێت.
٢- بونیادی ڕێكخستن دەرئەنجامی تیۆری سیاسیە.
٣- بە هۆی تیۆری سیاسییەوە بازنەی كاری ڕێكخستن دیاریدەكرێت.
٤- تیۆری سیاسی هێزی بزاوتی خەبات دیاری دەكات كە ئەویش ماددەی ڕێكخستنە.
٥- تیۆری سیاسی پاڵنەرایەتی پڕۆسەی ڕێكخستن بەدی دێنێت و ئامادەی دەكات.
٦- تیۆری سیاسی خۆی ئامرازی ئاڕاستە كردنی كاری ڕێكخستنە بەگشتی.

بەكورتی تیۆری سیاسی لە هەر مەسەلەیەكی فیكری و كاری ڕێكخستندا بوونی هەیە. تیۆری سیاسی خۆی بابەت و مەسەلەی ڕێكخستن بەرجەستە دەكات.

كەواتە، ئەگەر حزبی ئایدۆلۆژیش نەبێت، پەیوەندی نێوان ناسنامەی فیكری حزب لە لایەك و بونیادی ڕێكخستن و ڕێبازی سیاسی لە لایەكی تر ئەو ئامرازە سیاسیە تواناداره بەدی دێنن كە بۆ

هێنانەدی ئامانجە سیاسیەکان پێویستن.

دەبێ ئاماژە بکەین کە سروشتی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و....هتد، باری سیاسی و ئامرازەکانی ڕێکخستن بەشێوەیەك تاو دەدات کە چوارچێوەی فیکرو کارو ڕێکخستن جۆش بدات، ئەمەش وا دەکات کە چەند سیماو خاسیەتێکی یەکانگیرو بابەتی بێتە ئاراوە لەوانە:

١- یەکێتی بیربـاوەڕ بەدەسـت دێنـێ ئەمـەش یەکخستنی فیکـری و سیاسـی بەرجەسـتە دەکـات و کـار دەکـات بـۆ بڵاوکردنـەوەو بەرگریلێکردنی، ئەمەش هێز بە بونیـادی گـشتی حـزب و کـارو پـڕۆژە و بیروبـاوەڕ دەبەخـشێ و، بـەدیهێنان و ڕابـوونی ئـەرك وئامانجــەکانی ئاســانترو تۆکمــەتر دەکــات، لــە لایــەکی تــر گیروگرفتەکان کەمترو چارەسەرییان ساناترو بەرپرسیارێتییان زیاتر دەکات، هەروەها داهێنان و نوێبوونەوە دەخاتە ڕوو، بەبێ کێشەی ڕێکخــستن و گــروپ و دەســتەبەندی، هــەروەها میکــانیزمی کاروچالاکی بەدیدێنیت.

٢- یەکێتی کار دروست دەکـات، ئەمـەش پێـشکەوتنی چـالاکی بـە کۆمەڵ دێنێتەدی کە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی ڕێبازو پڕۆگرامـی سیاسی حزب لە سـەرجەم قۆنـاغ و هەڵکـشان و داشـکانەکانی کارو خەبات و ڕێگریش دەبێت لە بەردەم بە بنبەست گەیـشتن و بە فیڕۆنەدانی تواناو بەرهەم.

٣- یەکێتی خواست و ڕژد بوون لەسەر بەدیهێنانی بەرنامـەو پـڕۆژەو

ئامانجـەکان بەرجەستە دەکـات، ئەمـەش بەگـشتی ڕووخـسارو ناوەڕۆکی یەکگرتوویی و یەکبوونی زیاتر دەکات.

ئەم خاسیەتە سەرەکیانەش لە نێوان دیدگای فیکـری و سیاسـی و ڕێکخـستندا، دیـسپلین پـارێزی ئیجـابی دێنێتـە ئـاراوە، دوور لـە سەنترالێزم و مەرکەزیەتی بێئاگای دوور لە پڕۆسەی کاری ڕێکخستن، پێگـەی دیمـوکراتی و پڕۆسـەی گۆڕانکـاری ئـەرێنی بـەبێ تـرس و دڵەڕاوکێ، لە هاناوی حزبەوە دەخاتە ڕوو. هەموو ئەمەش شـەرعیەتی سەرکردایەتیکردن و میکـانیزمی بەرپرسـیارانە بـۆ کـاری ڕێکخـستن دروست دەکات و پڕۆسەی رەخنـە گـرتن وبـەخۆ داچـوونەوەو خـۆ خوێندنەوەش تۆکمەو ئامانجدار و بەرهەم دار دەکات.

### ب- پەیوەست بوونی تیۆری ڕێکخستن بەواقیعەوە

هەر پڕۆسەیەکی ڕێکخستن لە واقیعێکی دیـاریکراوەوە سەرچـاوە دەگرێ ئەویش بـەگوێرەی ئامانجـە سیاسـیەکان دیـاری دەکرێـت و، بـەگوێرەی ئـەو دەستنیـشان کردنـە دروسـتەش، دەکـرێ کۆڵەکـە بنەڕەتیەکانی ڕێکخستن بزانرێن، ئەمەش لـەوەوە دێتـەدی کـە وەڵامـی واقیعی بۆ پرس و پرسیارە سەرەکیەکان هەبێت، بۆ نموونـە: ئامانجمـان چیە؟ لە بەرامبەر کـێ خـەبات دەکـەین..؟ چـۆن و ..بۆچـی..؟ کـە سەرکەوتین چـی دەکـەین..؟ میکانیزمـەکانی جێبـەجێکردنی چـین؟ و ...هتد.

بەم شێوەیە، دیاری کردنی خاسیەتەکانی ڕێکخـستنی خواسـتراوو

مەبەستدار، جۆرو شێوەكانی لەسەر دوو چەمك رادەوەستن.
١- تیۆری سیاسی.
٢- ئەو واقیعەی كە هەیە.

لە گۆشەی بەرجەستەكردنی واقیعەوە، دەكرێ خاسیەتی زۆر لە رێكخستن لەسەر بنەمای جۆری ركابەری و سروشتی هێزی بەرامبەر و ئەو ئامانجانەی دەیەوێ بەدی بێنێت و سروشتی ئەو هێزەی كە بەرژەوەندی پەیوەست دەكات، بەم ئامانجەوە دیاری دەكرێن. لەمەش زیاتر، دەبێ دەست نیشانكراوە واقیعە گشتیەكان بەوردی و دروستی دەستنیشان كرابن كاتێ بە ئەنجام دانی پڕۆسەیەكی رێكخستن هەڵدەستین، وەك دەست نیشانكردنی سروشتی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و ئاراستەكانی رای گشتی و هەستەوەریەكانی و ئەو بابەت و مەسەلانەی كە بزاوتیان هەیە و حەساسن و جێگای بایەخن.

ئەم لایەنانەش زۆر گرنگن كە لە هەڵەو بەسەرداكەوتن دوورمان دەخەنەوە، چونكە دەبێ هەموو پاڵنەرێكی ئیجابی بۆ بیناكردنی رێكخستن تەوزیف بكرێت، هەموو ئەو حاڵەتە پۆزەتیڤانەی كە بۆ رابوونی خەڵك پێویستن دەبێ ببنە ماددەی رێكخستن و، لە بەرامبەریشدا لە هەموو ئەوانە دووربكەینەوە كە دەبنە ئاستەنگ و گرێ لە بەردەم پڕۆسەی كاری رێكخستن و، ئەمەش سەرئەنجام پێگەی حزب بەهێزدەكات.

**ج- پەیوست بوون و گرێدانی تیۆری ڕێکخستن بە خودی مەبەست لە ڕێکخستن:**

بەشێوەکی گشتی مەبەست لە پرۆسەی ڕێکخستن، بەدیهێنانی ئامانجە خواستراوەکانە لە ژێر ڕۆشنایی و لەبەر چاوگرتنی واقیع. ئەم دەرئەنجامەش دوو بەشە:

**١. ئامانج یان مەبەستی گشتی لە پرۆسەی ڕێکخستن.**

بێگومان لە پشت هەر ڕێکخستنێك ئامانجێك هەیە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم مەبەستەش ڕێکخستن دەکرێت و بنەمای یەکێتی و یەکگرتوویی نویٚ دەبێتەوە، لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین دەرك بە چەند بابەت وماددەیەکی ڕێکخستن بکەین لەوانە:

أ- ڕێکخستنێك کە لە بنەڕەتدا پابەندی ڕێبازێکی دیاریکراوەو بۆ بلاّوکردنەوەی فیکرو بیرباوەڕو تێزەکانی دروست بووە.

ئەو ڕێبازەش لە لای ئەم ڕێکخستنە پێوەر بۆ هەڵوێست و بۆچوون و سەرنجەکانی دادەنێت و، بنەمای یەکگرتوویشی لە یەك

تێزو هاومانایی لە چەمکەکانیەوە هاتووە و، سەرچاوەی ئیلتیزام پێکردنیشی پابەندبوونە بیروباوەڕەکەیەتی ئەگەر چی ئەم شێوە ڕێکخستنە توندوتۆڵ و پتەوەویەك شێوە بۆچوون و تێگەیشتنی بیرباوەڕی هەیە، بەلاّم لە لایەکی ترو بەتایبەت لەگەل تێپەڕبوونی کات دەرفەتبە بۆچوونی جیاو سەرنجی تر دەدات کە وادەکات

ڕێچکەی تری فیکری لێکەوێتەوە کە لەوانەیە هەریەکەیان بنە ڕێبازێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئامانجی سەرەکی لەم ڕێکخستنە ئەوەیە کە بیروباوەڕی ئەو سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی دابگرێ و ببێتە بنەمای دەسەلات و سیستەم لە کۆمەڵگادا، لە نموونەشیان حزبە تۆتالیتارەکان و سۆشیالیستەکان و ئیسلامی سیاسی و .... هتد.

ب- ڕێکخستنێك کە بەهۆی مەسەلەیەکی سیاسیی دیاریکراوەوە دروست دەبێت و لەوانەشە پەیوەندی بەو چەمکانە نەبێ کە لە رووی کۆمەڵایەتی و فیکرییەوە کۆمەلگا لەسەری ناکۆکە، بنەمای یەکگرتوویی لەم ڕێکخستنەدا یەکێتی خواست و ئیرادەیە، سەرچاوەی پابەند بوونیش بەم ڕێکخستنە، پابەندبوونە بە ئامانج و بەرنامەوەو، قەزیەی ئەم ڕێکخستنەش خۆی پێوەر و پێوەدانگی هەڵوێست و چالاکی و ئامانج و بۆچوونەکانیەتی و، ئامانجی سەرەکی چارەسەرکردنی ئەو دژبەریەیە کە ناوەڕۆکی مەسەلە سیاسیەکەی کە لە پێناویدا دروست بووە پێکدێنێت.

ج- ڕێکخستنێك کە بۆ گەیشتن بە دەسەلات دروست دەبێت و تەنها دەیەوێت شکڵی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیە فەرعیەکان بگۆڕێت، بنەمای ئەم یەکێتیەش، بریتیە لە یەکێتی مەبەست، سەرچاوەی ئیلتیزام بەم ڕێکخستنە، پابەندبوونە بە پڕۆگرامی وەرگرتنی دەسەلات، گەیشتن بە دەسەلات پێوەری هەڵوێستی ئەم ڕێکخستنەیە و لە هەمانکاتدا ئامانجیشێتی.

د- ڕێکخستنێك کە لەسەر بنەمای ڕێبازی مەزهەب یا مەسەلەیەکی سیاسی گشتی دروست نەبووە، بەڵکو بەهۆی پاڵنەرایەتی و دەمارگیری ئاینی تایەفی یان هەرێمی یان ناسیۆنالیستی شۆڤێنی دروست بووە، بنەمای یەکێتیشی لەسەر غەریزەیەکی نەفسی و یەکێتی کار و، سەرچاوەی ئیلتیزامیش پاڵنەرایەتی سۆزگەراییە بە ئاراستەی ئەو فیکرەدا کە هۆکارە سۆزیەکەی تێدا بەرجەستە دەبێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت یەکێتی ئەم ڕێکخستنانە شێوەی گردبوونەوەیە لە دەوری فیکرەیەك یان پرۆگرامێك یان تاکێك، لە کاتێکدا کە تاکێك دەربکەوێت و بنەماکانی مەبەستی ئەم یەکێتیەی زیاتر تێدا بێت لە خەڵکی تر، دواکوتوویی دامەزراوەکانی دیموکراتی و پەروەردەیی ڕێکخستن و گیانی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ هۆکاری جەماوەری و پشگیری زەعامەتی تاك و هۆکارە دەرەکیەکانی تری تێدا ڕەنگدەداتەوە.

## ٢- ئامانجی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی ڕێکخستن.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو واقیع و ئامانجەی کە مەبەستی سەرەکی پرۆسەی ڕێکخستن دیاری دەکات، دەکرێ ڕێکخستن ئەم ئامانجانەی هەبێت:

أ- پەروەردەکردنی کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو بە بیروباوەڕ و ڕێبازێك کە زۆرترین خەڵك بگرێتە خۆ، کە خەڵك بە ئارەزوومەندانە و بەباوەڕەوە هەڵیدەبژێری.

ب- بیناکردنی ڕێکخستن بۆ ڕابەرایەتیکردنی جەماوەر چوارچێوەی پرۆسەی گۆڕانکاری ئاشتی و هێمنی و دیموکراتیانەو، بۆ ئەم ئامانجەش پرۆسەی پەروەردەکردن دەگیرێتە بەر بۆ ململانێی سیاسی و لە مەشدا چەندایەتی هۆکاری گرنگی ئەم ڕێکخستنەیە.

ج- بیناکردنی ڕێکخستن کە لە چوارچێوەی پرۆسەی گۆڕانی شۆڕشگێریدا پێشڕەوایەتی جەماوەر دەکات، لە پێناو ئەم ئامانجەشدا پەروەردەی سیاسی خەباتگێڕی دەگیرێتەبەرو، هەردوو لایەنی چەندایەتی و جۆرایەتی بە هەند وەرگیرێت، کەواتە ڕێکخستنەکان بناغەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شۆرشگێڕی و شارستانیەتن.

د- بیناکردنی ڕێکخستنێك کە ڕەهەندی هەڵبژاردنی هەبێت و، تیایدا جەخت لە پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندن و ئامادەکردن و هاندانی دەدرێت و چەندایەتی هەڵبژاردن بە هەند وەربگرێت.

هـ- ڕێکخستنەکان بناغەی سەرەکی شارستانیەتی نوێن و نوێنەرایەتی پێشکەوتن و نوێبوونەوە دەکەن لە کۆمەڵگاداو، بونیادی ئاواکردنی شارستانیەتن و ئامرازی دۆزینەوەی یاسای گۆڕانن لە کۆمەڵگادا و بەهۆیانەوە نیزامی کۆن وە لادەنرێ و چەمکی نوێ جێیان دەگرێتەوە.

و- ڕێکخستنەکان نوێنەرایەتی مەرکەزی دروستکردنی ڕاو وەرگرتنی بڕیار دەکەن.

ز- ڕێکخستنەکان ڕۆڵی کارا لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا دەبینن و

پاڵـــەرو پێکهێنـــەری ســـەرەکی چـــەمك و عـــادات و پیـــادەکردنی دەسەڵات و بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگایە.

ح- ڕێکخستنەکان دەسەڵاتی کاریگەرو فشارن لەسەر کۆمەڵگاکان، هەروەها کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك دادەنێن و شێوازی کارو کـــردەوەی بـــۆ ســـانا دەکـــەن و بەرپرســـیاریێتی چـــاودێری و ئاراســـتەکردن و هانـــدان وەردەگـــرن و ئـــامرازی جوڵانـــدنی جـــەماوەرن لـــە بازنـــەی عەفـــوی و ســـۆزەوە بـــۆ چوارچـــێوەیەکی ڕێکخـــراو، بـــە هۆیانـــەوە گیـــانی گـــروپ و هـــەرەوزی دروســـت دەبێت.

ط- بـــەهۆی ڕێکخـــستن، بـــیری سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی نـــوێ بـــڵاو دەکرێتەوەو دەگوازرێتەوە نـــاو کۆمـــەڵگا و لـــە ڕووی هـــۆش و پیادەکردنەوە بەرجەستەی دەکەن.

ی- ڕێکخـــستنەکان ئـــامرازی بینـــاکردن و هێنانـــە ئـــارای سیـــستەمی سیاسی نوێی دەسەڵاتی سیاسین و، دەسەڵات ئاڕاستە دەکەن بـــەو پێیەی کە ئامرازی بەدیسپلین و چاودێری و باش جێبـــەجێکردن و هەماهەنگین لەگەڵ ئامانج و پڕۆگرامە سیاسیەکاندا دێنە ئاراوە.

## جۆرەکانی ڕێکخستنەکان

جێگای خۆیەتی کە ئاماژە بە جۆرەکانی ڕێکخستن بـــە شـــێوەیەکی تر بدەین کە بـــریتین لـــە شـــێوەی ڕێکخـــستنەکان لـــە ڕووی شـــێوازو ئامانج و گرتنەبەری ڕێساکان و ڕەوایەتی و شێوازی ســـەرکردایەتی و

پانتایی جوگرافی و نهێنی و سوودگەرایی و دواتر ئاماژە بە جۆرەکانی ڕێکخستنە سیاسیەکان دەدەین:

**١. ڕێکخستنەکان لە ڕووی ئەداو شێوازەوە دەکرێ بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش بکەین.**

أ- ڕێکخستنە شۆڕشگێڕیەکان.
ب- ڕێکخستنە کودەتا چیەکان.
ج- ڕێکخستنە دواکەوتوویەکان.
د- ڕێکخستنە چاکسازییەکان.
هـ- ڕێکخستنە پارێزگارەکان.
و- ڕێکخستنە تیرۆریستەکان.
ز- ڕێکخستنە دیموکراتیەکان.

**٢. لەڕووی ئامانجەوە :**

أ- ڕێکخستنی کۆمەلأیەتی: وەك کۆمەڵە خێرخوازەکان، ئابوریە کۆمەلأیەتیەکان وەك سەندیکاکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە بۆ خزمەتکردنی پێداویستیە جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا کۆشش دەکەن.

ب- ڕێکخستنە سیاسیەکان: حزبەکان و کۆمەڵەکان و بزووتنەوەکان و تەکەتولەکان وەك: ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی یان نەتەوە یەکگرتووەکانیان....هتد.

ت- ڕێکخستنە ئابووری و سیاسیەکان: وەك ڕێکخراوی ئۆپێك و

ئاسیان و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و...هتد.

ث- ڕێکخستنەکانی ئایینی و ئیدۆلۆژی: وەك ڕێکخستنەکانی شیوعی و ئیسلامی و...هتد.

ج- ڕێکخستنەکانی تەندروستی یان فێرکاری و..هتد.

**٣. لە رووی ئەو ڕێسایانەی کە لە سەری دامەزراون.**

أ- ڕێکخستنە فەرمیەکان: ئەو ڕێکخستنانەن کە ڕێساو سیستەم و ڕێکارو ڕێوشوێنی ئاشکرایان هەیە.

ب- ڕێکخستنە نافەرمیەکان: ئەو تەشکیلات و هاوپەیمانی و پەیوەندییە نهێنیانەن کە لە ناو جەستەی ڕێکخستنی فەڕعیدان.

**٤. لە ڕووی شەرعییەوە**

ڕێکخستنی شەرعی یاسایی و ڕێکخستنی ناشەرعی– نایاسایی هەن.

**٥. لە رووی شێوەی سەرکردایەتیکردن**

أ- ڕێکخستنی بیرۆکراتی.

ب- ڕێکخستنی ناوەندی دیموکراتی.

ج- ڕێکخستنی دەسەلاٌتگەرایی چەسپاندن.

د- ڕێکخستنی سیۆکراتی (ئایینی).

ه- ڕێکخستنی دیموکراسی هەیە.

**٦. شەشەم: لە ڕووی لایەنی جوگرافییەوە**

أ- ڕێکخستنی ناوچەیی (نیشتمانی– یان بەشێك لە نیشتمان).

ب- ڕێکخستنی نیشتمانی.

ج- ڕێکخستنی هەرێمی (کە زیاتر لە دەوڵەتێك دەگرێتە خۆ)

د- ڕێکخستنی نێودەوڵەتی

**٧. حەوتەم: لە رووی نهێنییەوە**

أ- ڕێکخستنی نهێنی.

ب- ڕێکخستنی شێوە نهێنی.

ج- ڕێکخستنی ئاشکرا.

**٨. هەشتەم: لە رووی سوودییەوە.**

أ- ڕێکخستنی سوودگەرا: بۆ سوودی ماددی کاردەکات، سەرەڕای ئامانجی تر، وەك دامەزراوەیی و کۆمپانیاو بازاڕو ڕێکخراوە بازرگانیەکان.

ب- ڕێکخستنی ناسوودگەرا: وەك دامەزراوەی دەوڵەت و دەستەکانی و ڕێکخراوە گەلیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی و ڕێکخراوە سیاسیەکان...هتد.

**٩. نۆیەم: جۆرەکانی ڕێکخستنە سیاسیەکان**

أ- حزبەکان لە ڕێکخستنی سیاسین و پڕۆگرام و نەخشەو بەرنامەیان هەیە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی.

ب- کوتلە سیاسیەکان: هاوبەندی یان هاوپەیمانی یان کۆبەندی یان مینبەر یان بەرەشی پێ دەگوترێت، کە شێوە رێکخستنێکی سیاسی لاوازە لە رووی پەیوەندی نێوان ئەندامەکان، یان کۆمەڵە هاوبەشەکان لەو تەکەتولەداو، هۆی ئەو یەکبوونەش زیاتر بۆ بەرژەوەندی سیاسی، ئابووری، کۆمەلأیەتی دەگەرێتەوە.

ج- بزووتنەوە: رێکخستنێکە لە دەوری مەسەلەیەك (مەسەلە) سیاسیەکان دروستدەبێ و شێوەیەکی سەراپاگیری نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە، مەرج نیە خاوەن ئیدۆلۆژی یان پرۆگرام و نەخشەو بەرنامەیەکی حوکمڕانی بێت، ئەو بزووتنەوەیە بە نەرمی و مامەڵەی عەقلأنی قۆناغی وەستاوە، توانای سەرنجدانی هەیە بۆ حوکم لە قۆناغی گونجاودا.

د- بەرەی سیاسی: بریتیە لە هاوبەندی فرە رێکخستن، لەسەر بەرنامەیەك بە یەك دەگەن کە هەموو لە سەری کۆکن.

## رێکخستنی حزبە سیاسیەکان

مەبەست لە رێکخستنی حزبی ئەو چوارچێوەیەیە کە شکڵ وشێوەی چالاکیەکانی حزب دیاری دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، کەواتە رێکخستن شێوازی گرتنەبەری رێوشوێنی سیستەماتیکی و رێساییە وەك چوارچێوەیەك بۆ کاری هەمە چەشنەی حزب و ئۆرگانەکانی و میکانیزمی پیادەکردنی ئەرك وچالاکیەکانیەتی، لە لایەکی تر لایەنی پراکتیکی و مەیدانی چۆنیەتی پیادەکردنی ئەو کارو

چالاکیانەیە کە حزب دەیەوێت بەرجەستەی بکەن.

ڕێکخستنی حزب ناوەندی هێزی پەیوەندی هەردوو لایەنی تیۆری و پیادەکردنی کاری عەمەلییە، هەر ڕێکخستنیش ناوەندێتی ئەندام بە حزبەوە دیاریدەکات، هەروەها ناوەندی دەستەکانی سەرکردایەتی دیاریدەکات. بە هۆی ڕێکخستنی حزبییەوە کارو چالاکی حزبایەتی پێشدەکەیَ، حزب دەتوانیَ خۆی و دەوروبەری ئیشکردن و ئامرازو ئۆرگانەکان و گوتاری ئەندامان و جەماوەرو، دواتر ئەرك و پلان و ستراتیژەکانی بۆ کاروباری سیاسەت و دەوڵەت بناسیَ و بزانیَ کە بۆ حاڵەتی ئێستا چ خوێندنەوەیەك و بۆ ئایندەش چ نەخشەیەکی هەیە.

دیاردەیەکی بەرچاو سەبارەت بە بایەخپێنەدانی زانستی بە ڕێکخستنی حزبی لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودایە، جگە لە حزبە ئایدۆلۆژیەکان هەندیَ لە حزبەکانی تر کەمتر بایەخ بەم لایەنە دەدەن.

لەوانەیە بەشێك لەم بایەخپێدانەش بۆ خەریك بوونی حزبەکان بە پەیوەندییان بە سیستەمی سیاسی و کاری سیاسی گشتی و ڕاستەخۆ لەسەر حیسابی ڕێکخستن بگەڕێتەوە، سەرەڕای زانینی ئەو ڕاستیەی کە ئەو حزبانەی لە ڕکابەری سیاسی و فیکری بەبیَ بوونی ڕێکخستن لە سەرەتادا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بنەمای ئەو بوون و مەبەستە لە دەست دەدەن.

بە پێچەوانەی ئەمەوە گرنگی ڕێکخستنی حزبی لە حزبە جەماوەریەکاندا خۆی دەنوێنیَ، چونکە ئەم حزبانە بۆ گردبوونەوەی جەماوەر و وە خۆگرتنی هەوڵدەدەن، ئەمەش ئەوە دەسەپێنیَ کە ئەو

گردبوونەوەیە لە ناو ڕێکخستنە ناوخۆییەکانی حزبدا ڕێکبخرێت.

کەواتە ڕێکخستنی حزبی، ڕێکخستنی کۆمەڵە خەڵکێکە کە یەك ئامانج و بیری هاوبەشیان هەیە، ڕێسایەك حوکمیان دەکات کە لە سەری ڕێککەوتوون، بەکاری هاوبەش هەڵدەستن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، کە هەیکەلێکی ڕێکخستن دەیانگرێتە خۆ.

### توخمەکانی ڕێکخستن

لەم ناساندنە بۆمان روون دەبێتەوە کە ڕێکخستن لە چەند توخمێك پێکدێت.

١- گروپێکی یەکگرتوو بە چەند مەرجێکی دیاریکراو.
٢- ئامانج و چەمك و کۆنسێپت و بیری هاوبەش.
٣- ئەو ڕێسایانەی کە لە سەری ڕێککەوتوون حوکمیان دەکات.
٤- کاری هاوبەشیان هەیە.
٥- هەیکەلێکی ڕێکخستنیان هەیە.

بۆ زیاتر روون کردنەوەی چەمکی ڕێکخستن و مانای توخمەکانی، لە پێناسەیەکی تری ڕێکخستنی حزبیدا:

ڕێکخستن پرۆسەی بەیەکەوەسازان یان بیرکردنەوەیە بە دەوری ئەو بیر یان ئامانج یان بەرژەوەندیەی، لە لای کەسانێك کە هەمان قەناعەتیان هەیە و لە ڕێکخراوێکدان کە پەیوەندی بەردەوام و لە ناویەك زنجیرەی ڕێکو ڕێکخراودان، لە یەك ژینگەدا خۆیان دەبیننەوە و سیستەمێك حوکمیان دەکات و بۆ بەدیهێنانی ستراتیژیان لە

کەشێکی کراوەدا کۆششدەکەن. لەم پێناسەشەوە دەکرێ توخمەکانی ڕێکخستن بەم شێوەیە دیاری بکرێت.

١- گردبوونەوە لە دەوری فیکرەیەك.
٢- کەسانێك کە هەمان قەناعەت و باوەڕیان هەیە.
٣- لەیەك ڕێکخستندا بن.
٤- پەیوەندی بەردەوامیان هەبێت.
٥- بوونی یاسایەك کە حوکمی ئەندامان بکات.
٦- کەشی کارو پاڵنەرایەتی هەبێت.
٧- ستراتیژێك کە ئامانجە گشتی و تایبەتیەکانیان بەدیبێنێت.
٨- کەشێکی کراوە (کاریگەری دەبێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەر).

ڕێکخستنی حزب لە بچوکترین یەکە دەست پێدەکات کە یەکەم یەکەی هەیکەلی ڕێکخستنی حزب پێکدێنێت و بە بەرزترین یەکە کۆتایی دێت.

**١-ڕێگا و شوێنی دیاریکردنی کادیران.**

- ڕێگای دیاریکردنی سەرکردە حزبیەکان (هەندێکیان بە هەڵبژاردنە کە شێوازێکی دیموکراتیانەیەو، هەندێکیان بە دامەزراندن لە ئاستی باڵاوە کە شێوازێکی دەسەڵاتگەرایی سەپێنەرە دیاری دەکرێن).
- ئەو ئەرك و فەرمانانەی پێی دەسپێررێت و ئەنجامیدەدات.

**٢- چەمکە سەرەکیەکانی ڕێکخستنی حزبی**

تیۆری ڕێکخستنی حزبی، کە لە ڕێکخستنی سیاسی بە گشتی خۆی دەنوێنێ، بریتییە لە کۆمەڵێ بۆچوون یان مانای عەقڵی کە سروشتی بونیاد و کاری ڕێکخستنی دیاریدەکات.

لە دیارترین ئەو چەمکانەش کە لە چوارچێوەی تیۆری ڕێکخستنی حزبیدان بریتین لە:

أ- **ناوەندێتی دیموکراتی:** بەم چەمکە میکانیزمی وەرگرتنی بڕیارو جێبەجێکردن و هەڵبژاردنی دەستەکانی سەرکردایەتی و موحاسەبەکردن و چاودێریکردن و دیاریکردنی سروشتی پەیوەندیەکان لە میانەی هەیکەلی ڕێکخستنەوە دەخرێتە ڕوو بە مانایەکی تر دیموکراتیەتێکی ئیلزامییە کە حزب کاری لەسەر دەکات.

هەروەها هەروەك لە ماددەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسەند کراوی کۆنگرەی دوازدەی پارتیماندا هاتووە، ئەوەیە کە دەستەکانی خوارەوە بە بڕیارو ڕێنوێنیەکانی دەستەکانی سەرووتر دەبن و کەمایەتی بڕیارەکانی زۆربە پەسەند دەکات و پێویستە جێبەجێی بکات و مافی ئەوەشیان هەیە بە بەڵگەی پێسەلمێنەرەوە بۆچوون و سەرنجی خۆیان دەربڕن.

واتە کە ناوەندێتی دەسەلاتی دەستەکانی سەرەوە مسۆگەر دەبێت و بڕیارو ڕاسپاردەکانیشیان جێبەجێدەکرێت، بواریش بە دەستەکانی خوارەوە دەدرێت بەشداری کارا بکەن لە پرۆسەی بڕیار وەرگرتن، ئەمەش لە میانەی فراوانکردنی هەماهەنگی و دەرفەتی ڕاوەرگرتن و

راوێژو گفتوگۆکردندا بەشێوەیەکی ئازادانە لە چوارچێوەی پرینسیپ و ڕێسا گشتیەکاندا دێتەدی، بە تایبەتی لەسەر ئەوبابەتە نیشتمانی و ڕێکخراوەییانەی کە لە میانەی کارو چالاکی گشتی حزبیدا دێتە ئاراوە.

کەواتە ناوەندێتی دیموکراتی وا دەکات کە سەرنج و بۆچوون و پێشنیارەکانی دەستەکانی خوارەوە بە دەستەکانی سەرەوە بگات و ئالوگۆڕی زانیاری و پشتگیری و بەشداری لە نێوان دەستەکانی سەرەوەو خوارەوەدا مسۆگەر دەکرێت، وێڕای لایەنە دیموکراتیەکە، ئەم پڕۆسەیە کارایی کاروچالاکی دەستەکانی خوارەوە دێنێتەدی.

کەواتە لە چوارچێوەی چەمکی ناوەندێتی دیموکراتیدا، مەسەلەی هەماهەنگی ناوخۆی نێوان ڕێکخستنەکانی حزب و پەیوەندی بە ناوەندێتی و دیموکراتیەتی ناوخۆ هەیە.

مەبەست لە هەماهەنگی ناوخۆیی، پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکانی حزبە لە سەرجەم ئاست و پلە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕووی چۆنیەتی پەیوەندی و دەسەلاتی دەستەکانی سەرەوە بۆ خوارەوە.

لەگەل ئەوەشدا هەندێك گرفتی ئەم هەماهەنگییە بە گرفتێکی هونەری دەزانن، بەلام لە ڕاستیدا گرفتێکی سیاسی بەرچاوە، چونکە ئەم هەماهەنگییە لە نێوان ڕێکخستنەکاندا کاردەکاتە سەر پلەی پەیوەندبوونی ئەندامان بە حزبەوەو ڕاددەی بەشدارییان لە پلان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکەیان.

لە ڕاستیدا ئەو حزبانەی کە هەماهەنگییان زۆرو بەهێزە، ئەوانەن

کە ڕێسای چەسپاوو جێگیریان هەیە لە پێکهاتەو تایبەتمەندی و ڕێکخستن و پەیوەندیەکانیان، کەوا دەکات بەشداری کارا هەبێت لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی حزب، ئەو ڕێسایانە چۆنیەتی پێکهاتنی ئاستە سەرکردایەتیەکانی حزب و دەسەڵاتەکانی و پەیوەندی سەرکردایەتی بە لایەنەکانی خواروو سەرەوە لە ڕێکخستنەکانی تردا ڕوون دەکاتەوە، بە پێچەوانەی ئەو حزبانەی کە هەماهەنگییان لاوازە ئەم ڕێسایانەی تێدانییە، ئەمەش وادەکات لە پێکهاتەی ناوخۆی حزبدا جیاواز بن و لە تایبەتمەندی دەسەڵات و ئەرکدا تێکگیرانیان هەبێت، لە خوارەوە چۆنیەتی پەیوەست بوونی ڕێکخستنە حزبیەکان لە یەکترەوە روون دەکەینەوە.

**١- چۆنیەتی پەیوەندی ڕێکخستنە حزبیەکان لەگەڵ یەکتر**

جیاوازی لە نێوان حزبە سیاسیەکانی لە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنە حزبیەکانیاندا بەدیدەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر پەیوەندی بۆ ئەم ڕێکخسنتانە هەیە.

**یەکەم/** پەیوەندی ئاسۆییە لە نێوان ڕێکخستنەکانی هەمان ئاستدا بەبێ بوونی ڕێنمایی و ڕەزامەندی وەرگرتن لە ئاستەکانی ڕێکخستنەکانی سەرەوەدا.

**دووەم/**پەیوەندی شاوڵییە کە ئاستەکانی خوارەوە ڕاستەوخۆ بە ئاستەکانی سەرەوە دەبەستێتەوەو لە هاووێنەکانی سەربەخۆیە، لە کاتی بوونی پێویستی بۆ پەیوەندیکردنیش لە نێوان ئاستە تێکچووەکاندا لە

میانەی ئاستەکانی سەرووترەوە ئەنجامدەدرێت. بێگومان پەیوەندی گرتنی شاولّی مەرکەزیەتی زیاترو دەسەلاّتی زۆری دەستەکانی سەرەوە بۆ خوارەوەی هەیە و کاروچالاکی و کێشەکان بە شێوەیەکی مەرکەزی مامەلّەیان لە گەلّ دەکرێت، نموونەی بەرچاوی ئەم حالّەتەش حزبە شیوعی و سۆشیالیستەکانن.

**٢- دەسەلاّتی بەخشراو بە رێکخستنە حزبیەکان.**

حزبەکان سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەلاّت دوو جۆرن، حزبە مەرکەزیەکان کە هەموو ڕێنماییەکی گەورەوبچووك لە ئاستی سەرەوەدا دادەبەزێ و، حزبە لامەرکەزیەکانی کە نەرم ونۆلّی لە بڕیارو کاروچالاکی رێکخستنەکاندا هەیە.

**ب- لامەرکەزی لە کارکردندا**

حزبە لامەرکەزیەکان لە کارو چالاکی و نمایشدا، لە چوارچێوەی کارە گشتیەکاندا چەند شێوەیەکن:

**یەکەم:** جۆرەکانی لامەرکەزی لە رێکخستنی حزبی، رێکخستنە ناسەنتڕاڵەکان چەندین جۆریان هەیە لەوانە:

- لامەرکەزیەتی ناوچەیی یان هەرێمی: واتە بوونی دەسەلاّت و سەربەخۆیی لقەکان لە ناوەندەوە، واتە ناوەند دەسەلاّتی سنووردار و دیاریکراوە.
- لامەرکەزیەتی ئیدۆلۆژی: واتە بوونی مافی سەربەخۆیی فیکری هەندێ تەیاری فیکری ناو حزب، کە دەتوانن بیروباوەڕو فکریان

دەربڕن، بڵاوکراوەو ڕۆژنامەیەك هەبێت بەبێ وازهێنـان لـە حـزب وەك چەترێکی گـشتی بـۆ هـەمووان. ئـەم حزبانـە پێیـان وایـە کـە هاوکاری ئازادی فیکری و بوونی ئیدۆلۆژی نێوان ئەندامان دەدات و ئەمـەش ئاسـۆی سیاسـی حـزب فـراوان دەکـات و گەشـەی بـە پێشکەوتنی فیکری دەدات.

- لامەرکەزیەتی کۆمەلاٌیەتی: واتە ئەنـدامانی حـزب کـە هـی توێـژو چینێکی دینی کۆمەلاٌیەتی یـان تـایفین سـەربەخۆییان هەیـە. ئەمـەش لەگــەڵ حزبــە پارێزگارەکــان گونجــاوە، چــونکە هــانی گروپــە ئابووریەکان لە چینەکانی کرێکـاران و جوتیـاران و ئـەوانی تـریش دەدات، لەوانەشە ئـەم لامەرکەزیانـە ببێتـە لامەرکـەزی ئیـدۆلۆژی چونکە ڕێگە بە فرە فیکری دەدات.
- لامەرکەزی یەکگرتوویی: لە دەوڵەتە فیدراڵیەکانـدا دەردەکـەوێت کە هەر حزبە ڕێکخستنی سەربەخۆی لە هەرێم یان ویلایەتدا هەیە.

ج- **جۆرەکانی مەرکەزیەت لە ڕێکخستنی حزبیدا.**

ئــەم مەرکەزیەتــە هــەردوو جــۆری مەرکەزیــەتی ئۆتــۆکراتی و مەرکەزیەتی دیموکراتی دەگرێتەوە، وەك لە خوارەوە شیدەکەینەوە.

١- مەرکەزیەتی ئۆتـۆکراتی: واتـە بـوونی دەسـەڵات و تەحـەکومی تەواولـە مەرکەزەوە بەسەر ڕێکخستنە بنکەییەکانـدا، بـە شـێوەیەك کە ئەم بنکانە هیچ دەسەلاٌت یـان کەسـایەتیەکی تایبـەتییان نیـەو، لـەژێر چاودێری ناوەنددان.

٢- مەرکەزیەتی دیموکراتی: هەروەك پێشتر بە روونی شیمان کردەوە، واتە بوونی دەسەلأت بۆ مەرکەز بەلأم دوای وەرگرتنی رای بنکەکان، لەم شێوەیەشدا رێکخستنەکانی سەرەوە لە لایەن نوێنەرانی بنکەکان هەلّبژێررێن و، لەبەردەم بنکەکاندا لێپرسراو دەبن نەك ناوەندو، ئەمانەش دەنگی رێکخستنە و بنکەکان دەبن، هەروەها مەرکەزیەتی دیموکراتی ئەوە فەرز دەکات کە نوێنەرانی بنکە لە ئاستی بالاّ لە لای ئەندامانیان هەلّبژێرراوبن نەك لە لایەن دەستەکانی بالأوە دانرابن، هەروەها بنکە یان ئاستەو دەستەکانی خوارەوە بە ئازادی رەها گفتوگۆیان لەگەل دەکرێت و، بیرورا دەگۆرنەوەو بە زۆرینەش بریار وەردەگرن.

**ئەو هۆکارانەی کە وا لە حزبەکان دەکات کار بە مەرکەزیەت یان بە نامەرکەزیەت بکەن.**

سێ هۆکاری سەرەکی هەیە کار لە سروشتی ناوخۆی حزبە سیاسیەکان دەکات کە ئارەزوو پابەندی مەرکەزیەت یان نامەرکەزیەت بن، لەوانە:

أ- **دروست بوون و سەرهەلّدانی حزب و گەشەسەندنی و پێشکەوتنی مێژوویی** ئەو حزبە وەك رێسایەکی گشتی ئەو حزبانەی کە دروست بوونیان پەرلەمانییە حەز دەکەن بە لامەرکەزیەت کاربکەن، چونکە لە لوتکەوە دروست بوون و حەز بە دیسپلینی حزبی ناکەن، بە پێچەوانەوە ئەو حزبانەی سەرهەلّدانیان سەندیکاییە یان ئوسولّیان بۆ

کۆمەڵەکان دەگەڕێتەوە، زۆربەیان کار بە مەرکەزیەت دەکەن ، نموونە حزبە سۆشیالیستەکان و کرێکاریەکان کە لە بنکەوە دروست دەبن ئەمەش وا دەکات دیسپلینی حزبی تایبەتیان هەبێت.

ب- **ڕێوشوێنی دارایی حزب:** ئەو حزبانەی کە پشت بە پیتاك و ئابوونەی ئەندام و لایەنگرانی نابەستن حزبی لامەرکەزین، بەلاَم ئەو حزبانەی کە لە هەر ناوچەیەك پشت بە پیتاك و بەشداری لایەنگران دەبەستن ئەوا مەیلی مەرکەزیەتیان هەیە.

ج- **ڕێوشوێنی هەڵبژاردن لە دەوڵەتدا،** ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردن گشتی و تاك بێت، ئەوا پشت بەستن بە ڕێکخستنە حزبیە ناوچەییەکان لە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی زۆرە و لەم حاڵەتەشدا حزبەکان لامەرکەزی بەکاردێنن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەڵبژاردن بە لیست بێت ئەوا مەرکەزیەت زۆر دەبێت.

د- **سەرکردایەتی بەکۆمەڵ:** ئەم چەمکە سەرکردایەتیکردنی دیکتاتۆری و دەسەلاَتگەرایی تاك ڕەتدەکات، یان ئەو سەرکردایەتیە بە کۆمەڵە بەلاوە دەنێ کە تاکێکی بالاَ دەست هەڵیسوڕێنی، بە مانایەکی تر دەسەلاَت ناداتە تاکێك لە سەرووی دەسەلاَتی دەستەی سەرکردایەتی هەر قەوارەیەك بێت، هەروەك لە بڕگەی ٣ی ماددەی دووی پەیڕەودا هاتووە کە بۆ پرینسیپە گشتیەکانی ڕێکخستن تەرخان کراوە، کە دەڵێ:

بڕیار، بە تاکە کەسی نادرێ، کاتێ ئەو بڕیارە لە دەسەلاَتی دەستەیەك یان لیژنەیەك یان ڕێکخراوێك دایە بەبێ ئەوەی پرینسیپی

بەرپرسیارێتی تاکە کەسی بەلاوە بنرێ.

**ه- هەڵبـــژاردن:** بێگومـــان حزبـــەکان ( لانـــی کـــەم لـــە کۆمـــەڵگا هاوچەرخەکاندا ) پشت بە پرینسیپی هەڵبژاردن دەبەستن لە پێکهێنانی لیژنەکانـدا. هـەروەك برِگـەی یـەك لـە مـاددەی دووەمـی پـەیرِەوی ناوخۆی پارتیمان دەڵێ: پشت بەسـتن بـە پرینـسیپی هەڵبـژاردن لـە پێکهێنانی لیژنـەکانی پـارتی دا لـە رِێگـەی دەنگـدانی نهێنیـەوە. لـە راستیدا ماهییەتی دروستی جێبەجێکردن و پابەند بوون بـەم چـەمکەوە لە بواری عەمەلیدا لە کاتی کۆبوونـەوەو برِیـار وەرگـرتن و بەسـتنی کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا دەردەکەوێت.

زۆرجار پێویست دەکات کە مافی خـۆ پـالاَوتن بـۆ دەسـتەکان، شارەزایی و ئەزموون و پسپۆرێتی لەبەرچاو دەگیرێ، هـەروەك چـۆن بۆ خۆ پالاَوتن بۆ زۆر لـە پۆسـتە جۆربـەجۆرەکانی دەوڵـەت مـەرج دادەنرێت، بە شێوەیەك کە روونی و ئاشکرایی و دادوەری و یەکسانی لێدەکەوێتـــەوە رەچـــاو دەکرێـــت. لـــە بـــواری کـــاری حزبـــی و رێکخراوەییـشدا ئاسـاییە کـە پـسپۆرێتی تایبەتمەنـدێتی لـە پێکهاتـەی دەستەکاندا دەستەبەربکرێت.

لە چوارچێوەی ئەم چـەمکەدا، جێگـەی خۆیـەتی کـە ئامـاژە بـە مەسەلە دیموکراتیەکانی ناوخۆی حزب بـدەین، بێگومـان کـاراکردنی میکانیزمـــە دیموکراتیـــەکانی رێکخـــستن پێویـــستە کـــە پلـــە حزبـــە هەژمونگەریەکان کەمبکرێن بە شێوەیەك کە هانـدەر بێـت بـۆ ئـەوەی رِێکخـستن توانـای جوڵـە و داهێنـانی هـەبێت، هـەروەها تەقالیـدی

ڕیزپەڕی حزبی وەلا بنرێن و حزب تەنها لە ناوەنـدی سـەرکردایەتیدا چڕنەکرێتەوە.

بینای سیاسەتی حزبی ئارەزومەندو شەفاف بێت، دوور بێـت لـە بیروکراتیەتی حزبی و نەزعـەی کەسـێتی و کـۆتی سیاسـی و دەسـت گرتن بە عەقڵ و هۆش و توانای بە کۆمەڵ.

هەروەها بۆ ئەوەی ڕێکخستن لە رۆتینی ڕۆژانە دوور بکەوێتـەوەو هێزی کارابێت دەبێ بەردەوام سیاسـەتی واقیعیانـە پیـادە بکـات کـە لـەگەڵ خواسـت و واقیعـی قۆناغـە سیاسـییە ئابوورییـە کۆمەڵایەتییـە فەرهەنگەکەدا بگونجێت و، گفتوگۆی ئـازاد هـەبێت کـە پڕۆگـرام و بەڵگەنامەکان شرۆڤە بکرێن و دەرفەت بـۆ رەخنـە و بـیری شـیکاری والا بکرێت و هـەر بۆیـە گرنگـە کـە بـاس لـە سـەرەکیترین ئامـاژە دیموکراسیەکانی ناوخۆی حزبە سیاسیەکان بدەین:

**١- ئاماژەی تایبەت بـە دابەشـکردنی دەسـەڵات و تایبەتمەنـدێتی لـە حزبەکاندا.** ئەم ئاماژەیە لە وەدا چڕ دەبێتەوە کـە ئایـا دەسـەڵات لـە ناوخۆی حزبەکاندا لەسەر دەستە سەرکردایەتیە حزبیەکان دابەش بوو، یان تەنها لە ناوەندە بالاکاندا چڕ کراوەتەوە. ئەمەش لـە میانـەی دوو حاڵەتەوە دەرکی پێدەکرێت:

**أ- بینای ڕێکخستنی حزبە سیاسیەکان.**

ئەم ئاماژەیە پەیوەستە بە چۆنیەتی دابەشـکردنی هـەرەمی دەسـەڵات، هەروەك چۆن لە پـەیڕەوی بنـەڕەتی حزبەکانـدا هەیـە، ئەمـەش لـە قەبارەی دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکاندا لـە ئاسـتە جۆربـەجۆرەکانی

هەیکەلی ڕێکخستندا دەبینرێت، کە بەگشتی ئاستەکانی بالاً و ناوەند و بنکەی هەیە لەگەڵ دیراسەکردنی چۆنیەتی و شێوەی دابەشکردنی ئـەو دەسـەلاًتانە ئینجـا دابەشـکردنی دەسـەلاًتەکان لـە نێـوان ڕێکخستنەکانی هاو وێنەدا.

**ب- پرۆسەی دروستبوونی بڕیاری حزبی.**

ئەم ئاماژەیـەش لـە دیراسـەتکردنی ئـەو بڕیـارە عەمەلیانـەی حـزب وەریـدەگرێت دەردەکـەوێت، بـە تایبـەت بڕیـارە چارەنووسـاز و گرنگەکان، لە ڕاستیدا ئەم ئاماژەیەش بایەخ بەم حاڵەتانە دەدات:

- تا چەند تاك لایەنە لە ئاستی سەرکردایەتی حـزب، یـان گرووپێکـی بچووك، یان کەسێك ڕەفتار دەکرێت؟
- تا چەند کەناڵەکانی ئاستەکانی ناوەڕاسـت و بنکـەی ڕێکخسـتن، بەشداری لەو پرۆسەیەدا دەکەن، یان کاریگەرییان هەیە.
- تا چەند پشت بـە هەڵوێـستی ئاسـتەکانی ناوەنـد دەبەسـترێت لـە کاتێکدا کە ئاستەکانی بالاً بە تەنیا بڕیار وەردەگرن؟
- تا چەند ئاستی بالاً کە بڕیـار دروسـت دەکـات گـوێ لەوەسـتان (تحفظات) و نارەزایی ئاستەکانی خوارەوە دەگرێ.

٢- **ئاماژەی سروشتی پەیوەنـدی نێـوان دەسـتەبژێر و ئەنـدامان لـە حزبـدا:** ئـەم ئاماژەیـە دوو لقـی هەیـە، ئـەوانیش چوارچـێوەی دامـەزراوەیی بەشـداری ئەنـدامانن لـە بـەڕێوەبردنی حزبـدا و کارلێکیان هەیە لەگەڵ نوخبـەدا و، هـەروەها سروشـتی کـاری

ڕاهێنان و ئامادەکردن بۆ وەرگرتنی پۆست لەناو حزب و لە دەرەوەدا.

**أ- چوارچێوەی دامەزراوەیی بەشداری ئەندامان لە بەڕێوەبردنی حزبدا.**

ئەم چوارچێوەیە لە کۆنگرەی گشتی حزب (گەورەترین دەستەی سەرکردایەتی) دا دەبینرێت،کە هەمیشە حەلەقەی گەیاندنی هەردوو ئاستی

سەرکردایەتی و بنکەیین، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەوەی کە کۆنگرە تا چەند وەزیفەکانی خۆی بەدیدێنێت، چونکە هەندێ حزب لە میانەی پیادەکردندا ماهییەت و مانای ئەم چەمکە پووچدەکەنەوە، هەربۆیە لەم رووەوە چەندین پرسیار دروست دەبن.

- ئایا کۆنگرە هەیە؟ چۆن چالاکیەکانی پیادە دەکات، هاوکات یان لە دوای سەرهەڵدانی حزب؟
- کۆنگرە لە کێ پێکدێت؟ رۆڵ گێڕانی لە ئاستی بنکەدا چیە؟ دامەزراندن هەیە؟
- ئایا کۆنگرە دەوری دەبێت و گفتوگۆکانی لەلایەن بنکەوە جدیەتیان تێدایە؟ جۆر و ئاستی گفتوگۆ کان چیە و چۆنە؟
- ئایا کێبەرکێ و رکابەری هەڵبژاردن هەیە؟ یان هەڵبژاردن لەسەر شێوە دەنگدانێکە کە پێشتر ڕەنگرێژکراوە؟

**ب- دانان و دەورانکردنی دەستەبژێر**

تا چەند دەستەبژێری سیاسی بالأی حزب کراوەیە و قبولّی ئەندامی نویّ دەکات، ئەمەش بە هەلّبژاردن دەکریّت یان بە دانان، وە ئەو زەمەنەی کە دەورانی دەستەبژێردەکات و تیّیدا دەمیّنیّتەوە بە تەعین بیّت یان بە هەلّبژاردن، واتە ئایا بە دروستی هەیە، یان تەنها لە حالّەتی ئیستسنائی هەیە،یان دەوران بە لیستی پیّشتر ئامادەکراوە، یان

دامەزراندنی قەناعەت پیّهیّنەرە، یان ریفراندۆمە یان هەلّبژاردنی شکلّییە.

**٣- ئاماژەی چۆنیەتی و جۆرەکانی کار لیّککردن لەناو دەستەبژێردا.**

ئەم ئاماژەش دوو لقی هەیە:

أ- ئەو زۆرانبازی و ململانێیەی کە لەسەر دەسەلأت لە ناو دەستەبژێری حزبیدا دروست دەبیّت، کە ئەم جۆرە ململانیّیە لەسەر توند و بەهیّزی ململانیّیەکە و ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ململانیّیەکە و لایەنەکانی ململانیّیەکە (دیاریکراوە – یان زۆرن) و، پیّگەی سەرۆکی حزب لەو ململانیّیەدا (لایەنیّکی کارایە– یان بیّلایەنە) و دەرئەنجامی ململانیّیەکەش چیە؟

ب- جیاوازی و رکابەری لەسەر مەسەلە سیاسی و فیکریەکان.

ئایا جیاوازی لەو بۆچوونانە دا هەیە کە خاوەنەکانی لە سەر هەندیّکی ریّکدەکەون و لەسەر ئەوی تر نا، یان لە نیّوان بەرپرسە بالأکاندا هەیە و تەکەتولات هەیە.

- ئەگەر ناکۆکی لە نیّوان بالأکاندا بیّت؟ ئەو ناکۆکیە تا چ ئەندازەیەکە؟

- سنوور یان سروشتی ئەو ناکۆکیە لــە نێــوان باڵەکانــدا لــە رووی جوگرافیەوە، لە ناوچەیەکە یان گشتییە.
- پەیوەندی ئەو ناکۆکیە سیاسییە یان فکرییە بە هەیکەلی کۆمەڵایــەتی چیە؟
- ئەو ئوسلوبانەی کە بۆ ئیــدارەی ناکۆکیەکــە بــەکاردێن لــە رووی دیموکراسییەوە چۆنن؟

٤- **پرینسیپی ئەندامێتی**: بیگومان یەکێ لە چەمکە تیۆریەکان لە حزبە سیاســیەکاندا مەســەلەی ئەندامێتییــە. لـــە پــەیڕەوی نــاوخۆی پارتیــشماندا بــە چــەندین مــەرج و ئــەرك و مــاف و دیــسپلین و پابەندبوون دیاریکراوە.

٥- **بینای ڕێکخستن**: ئەم بیناکردنە لە شێوەی هەرەمی یان لە خــودی شێواز و چۆنێتی پەروەردە و رۆشنبیری ڕێکخستنی ئەندامان بێت. بێگومان ئەمەش وەك ماف و ئــەرك و بایــەخ پێــدان لــە پــەیڕەوی ناوخۆماندا ڕەنگی داوەتەوە.

٦- **پەیوەندی و پەیوەستبوونی ڕێکخستنی حزبی**: ئەم چەمکە **تیۆریەش** ژیــانی نــاوخۆی ڕێکخــستن دەنــوێنێ، کــە خــۆی لـــە چـــەند وێــستگەیەکدا دەبینێتــەوە، وێکــچوونی گــشتی لـــە زۆربـــەی حزبەکاندا خۆی دەبینێتەوە کە بریتییە لە کۆنگرە و کــۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی دەوری و پێکهاتەکانی هەیکەلی حزبــی و ئــەرك و دەسەڵاتەکان و پێکهاتنیان و پرینسیپ و چالاکیەکان.... هتد.

٧- **دیسپلینی حزبی**: دوو هۆکــار هەیــە کــە رۆڵــی ســەرەکییان لــە

پێشخستنی حزبدا بینیوە، ئەویش دەسەلاتی حزبە بەسەر ئەنـدامانی کە پێی دەگوترێت دیسپلینی حزبی و، هەروەها ئاروەزووی حزبە لە زیادکردنی رۆڵی ئەندامان لـە ئاراسـتەکردنی حـزب و رەسـم کردنی ئەو حزبەدا.

**مەبەست لە دیـسپلینی حزبـی** ڕاددەی ملکـەچ بـوون و پابەنـد بوونی ئەندامانی حزبە بە فەرمان و بڕیار و پەیڕەوی ناوخۆی حزبـەوە، ئەم چەمکە زیاتر لەگەڵ دەرکەوتنی حزبە ئایدۆلۆژیایەکان تۆکمـە تـر بوو، زۆرجار دیسپلینی ناو حزب رۆحـی دەبێـت زیـاتر لـەوەی لـە چوارچێوەی دەسەلاتگەراییدا ڕێك بخرێت، هەروەها دیسپلین لە حزبە جەماوەریەکانیشدا هەیە، کە دەیانەوێ کەسبی جـەماوەر بکـەن و بـۆ قبولکردنی فیکرەی حزب هانیان بدەن.

بـە شـێوەیەکی گـشتی بـوونی دیـسپلین ڕێگـرە لەبـەردەم کوتلەبەنـدی سـلبی و دابەشـبوون و رزگـار بـوون لـە تەکـەتولاتی سیاسی، هەر بۆیە دیسپلینی حزبی یاریدەدەرە بۆ بـەهێزبوونی حـزب، بـە تایبـەت دەخـوازێ کـە گوێڕایـەڵی خواسـت و بڕیارەکـانی سەرکردایەتی بن.

## جۆرەکانی ڕێکخستنی حزبی

ڕێکخستنی حزبی لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تر جیاوازی هەیە چونکە ڕێکخستن شێوە و مۆرکی سروشتی حزبەکە و پێکهاتەکەی وەردەگرێت، بۆ نموونە، لە حزبە سۆشیالیستەکان، شیوعیەکان، دیموکراتەکان، کە ئامانجیان گۆڕین و چاکسازی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییە، جیایە لە شێوەی حزبە کلاسیکەکان یان پەرلەمانی، هەروەها جیاوازە لەگەڵ ڕێکخستنی حزبی نەتەوەیی.

جۆرەکانی ئەم ڕێکخستنەش، هەیە هێشوویییە، ژمارەی زۆری ئەندامان لە کاتی ئاسایی و ئاشتیدا دەگرێتە خۆ، یان سێ کوچکەییە کە زیاتر لە کاتی خەباتی نهێنی پشتی پێ دەبەسترێت، هەروەها هێڵی ڕێکخستن کە بۆ حاڵەتی زۆر نهێنیە، یان ئۆرگانی بچووك کە سەرکردایەتی ناوچەیەکی جوگرافی فراوان یان بچووك دەکات.

## پێکهێنەرەکانی ڕێکخستن

ڕێکخستن کە پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتیە چونکە چەندین تاك دەگرێتە خۆ کە کارلێکی کۆمەلایەتییان لە نێوانیاندا هەیە و بەهۆیەوە ئامانجەکان بەدیدێت و پێداویستیەکان بەرجەستە دەبن و ئەمەش لە میانەی هاریکاری و هەماهەنگی دروست دەبن. ڕێکخستن لە خودی خۆیدا ئامرازە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و چارەسەری قەزیە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ژینگەییەکان.

هەر بۆیە ڕێکخستن بە گوێرەی ئەو شیکردنەوە و پێناسانەی باسمان

کرد لـه چـەندین تـوخم پێکـدێت لـەوانـە: ئامانجـەکان ( فیکـر یـان ئایدۆلۆژیای رێکخستنی سیاسـی) ، ئەنـدامان، هەیکـەلی رێکخـستن، پەیوەنـدی و پەیوەسـت بوونـەکان، یاسـاکان، کـار و شـێوازەکانی کارکردن، و سیستەمی کار.

١- **ئامانجەکان:** کـە پێویـستە لـە کـاتێکی دیـاریکراودا بـەدیبێت و، هەوێنی چالاکیە ڕێکخستنیەکان بێت، واتە دەبێ هـەر چـالاکی و کارێك خزمەتی ئامانجەکان بکات ئەگەر نا بە فیڕۆدانی کۆشـش و تواناکانی لێدەکەوێتەوە، واتە جیاوازی ئامانج جیـاوازی چـالاکی دێنێتـەدی و سەرچـاوەی شـەرعیەتە و پێـوەری ئـەداو راهێنـان و مەرکەزی هاندان و وەرگرتنی بڕیارەو هـۆی سـەرەکی پەیوەنـدی تاکەکانە بە ڕێکخراوەوە.

٢- **ئەندامان (تاکەکان)** : ئەندامان توخمی گرنگی رێکخستنن چـونکە نوێنەرایەتی گیانی بزووتنەوە و داهێنان و کار و چـالاکی دەکـەن لـە ڕێکخستندا، بە هۆی ئەوانەوە بانگەشە بۆ جەماوەر دەکرێت و کاریگەری لـەسەر جەماوەر دادەنرێت. لـە راستیدا رێکخـستن بـە هـۆی بەشـداری ئەنـدامان کاردەکـات و چـالاکی تـاك لـە بیرکردنەوە، و شارەزایی و کۆشش و کات تەرخانکردن و توانا و لێهاتوویی لە جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتی مایـەی کـارایی رێکخستنە. هەروەها ئەندامان ئامانجی ڕێکخستن بەدیـدێنن و کـار دابەشـدەکەن و دامەزراوەکـە لـە میانـەی نەخـشە کێـشان و ڕێکخـستن و ئاڕاسـتە کـردن و سـەرکردایەتی و چـاودێریکردن

ئەنجام دەدەن و دەسەلاَت و پلەکانی بەرپرسیاریێتی و بەردەوامی ڕێکخستنەکان بەدیدێنن، لە هەمان کاتدا ئەو ڕێکخستنە پێداویستیەکانی ئەندامان لە کارو پەیوەندیە کۆمەلاَیەتیەکان و ئینتیما و سەرکردایەتی و کاری هەرەوەزی و ڕێز و پێگە و خۆ سەلماندن و ڕەزایی ویژدانی و زیندوویی بەدیدێنێت.

٣- **هەیکەلی ڕێکخستن:** هەیکەلی ڕێکخستن، شکلّی دیاریکراوی پەیوەندی نێوان بەشەکانی ڕێکخستنە، وەك هەیکەلی ڕێکخستنی مرۆڤ وایە، کە بینای ڕێکخستنە و پەیوەندی پێکهاتەکانی تێدا وەدەردەکەوێت و لە میانەیەوە کار و ئەرکەکان جێبەجێ دەبن و بەرپرسیاریێتی و دەسەلاَتەکان دیاریدەکرێن، بۆیە دەتوانین بلّێین کە هەیکەلی ڕێکخستن واتە پەیژە یان هەرەمی ڕێکخستن ئەم ئامانجانە بەدیدێنێت:

أ- دابەشکردنی کارەکان و دیاریکردنی ئەرکەکانی تاك و گروپەکان لە ڕێکخراوەکەدا (شانەکان، هێلّەکان....هتد) .

ب- ئاستەکانی ڕێکخستن دیاریدەکات و چوارچێوەی سەرپەرشتیاری و ئاستەکانی دەسەلاَت نیشاندەدات.

ت- پرۆسەی کار و هەماهەنگی نێوانیان دیاریدەکات بۆ ئەوەی ڕێکخستن وەك یەك یەکە کار بکات و کەنالّەکانی پەیوەندی نێوانیان ڕێکدەخات.

ث- هەیکەلی ڕێکخستن کاریگەری تاك لەناو ڕێکخستن لە ڕێگەی دیسپلین و یاساکان کەمدەکاتەوە و سنوور بۆ بۆچوونە کەسیەکان

دادەنێت، هەروەها هەیکەل بۆ شوێنی پیادەکردنی چاودێری و ئاستەکانی و دەزگاکان دیاریدەکات.

وەك ئاماژە پێدان پەیکەر (هەیکەل)ی پارتیمان وەك لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، لەسەر بنچینەیەکی هەڕەمی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بریتیە لە: شانە، شانەی سەرەکی، لیژنە ڕێکخراو، لیژنەی ناوچە، لیژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفراس، کۆنگرە.

٤- **پەیوەندی و پەیوەستبوون لەناو ڕێکخستنەکاندا**: سیستەمی ئالوگۆری بیربۆچوون و فیکرو ڕاستی و سۆز لەناو ڕێکخستنەکاندا دێتەدی، بە مانایەکی تر بەشداربوونی ئەندام و کادرانە لە کاری گشتی حزبدا.

چونکە کادر دەبێ گوزارشت لە گیان و ڕۆحی خودی خۆی بکات کە ئەمەش مافی ئاسایی و دانپێدانانە بە مرۆڤبوونی کادر و ڕێگە پێدانێتی بە بیر کردنەوە و جولاندنی هەست و سۆز و پرسیار و روون کردنەوەی ماناکان و ئاراستە و بڕیار و راسپاردەکان و گۆڕانیان بە بارێکی تر.

٥- **کار و چالاکیەکان:** کاری ڕێکخستن ئەو چالاکیە پێویستیانە دەگرێتەوە، کە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و خزمەتگوزاریە پێویستیەکان و بەدیهێنانی خواستەکان و بەرنامە و پرۆگرامی حزب کۆشش دەکەن. کە بە

گـشتی چـالاکیەکانی فیکـری و ڕاهێنـان و هانـدان و ڕاگەیانـدن و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دروستکردنی ڕای گـشتی و ڕاهێنـان و خەبات و تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوە و خۆنیشاندان و ڕێپێـوان و ... هتد دەگرێتەوە.

٦- **یاسـاکان** : ڕێکخـستنەکانی حزبـی کۆمەڵـە ڕێـسایەك حـوکمی دەکەن کـە دەسـتوور یـان نیزامـی سیاسـی یـان گەڵاڵـە نامـەی ناوخۆیی یان پەیڕەوەی ناوخۆیە کە کۆمەڵە پرینـسیپ و ڕێـسایە و بنەما یەکن ڕێکخـستن بـە هۆیانـەوە پیـادە دەکرێـت و حـوکمی پەیوەندیـە ناوخۆییـەکانی پێـداگرتن. لـە دیـارترین سـیفەتەکانی سیستەمی سیاسـی، دیـاریکردنی سروشـتی پەیوەندیـەکانی نێـوان توخمەکانی حزب و سەرکردایەتیە، بەها و ڕێزێکی تایبەتی هەیە کە دەبێ ئیلتزامی پێـوە بکرێـت و جێبـەجێ بکرێـت و لـە ڕێگـەی کـۆنگرەو پەسـند دەکرێـت یـان گـۆڕانی بەسـەردادێت و ئـەم یاسایەشە کە یەکسانی ئەنـدامان بەرجەسـتە دەکـات بـەوەی کـە هەموویان بۆ نیزام ملکەچ دەکەن.

٧- **سیستەمی کـراوەی کـاری حزبایـەتی:** ئـەم چـەمکە یەکێکـە لـە گـرنگترین چـەمکە هاوچـەرخەکانی حزبایـەتی کـە وەك هـەر سیـستەمێکی تـر سـێ تـوخمی هەیـە (هاتووەکـان (المـدخلات) و پرۆسـەکان (العملیـات) و دەرچـووەکان – دەرهاوێـشتەکان (

المخرجات). لە ئین پوتـەوە پرۆسـەی نەخـشەسازی و ڕاپـۆرت و بیرکردنەوەی و را ئاڕاستە دەکرێت و لە پرۆسەی ئەم ناوەندەشدا کۆبوونەوە رێکخستنی کۆشش و ڕاهێنان و کارکردن بـە گیـانی هـەرەوەزی و ڕۆشـنبیریکردن و.. هتـد جێبـەجێ دەبێـت و لـە دەرهاویشتەوەش بڕیار دروستدەبێ و ئامانج بەدیدێت وکێـشەکان چارەسەر دەبن و گۆڕان و هەڵسەنگاندن.. هتد دێتەدی.

کەواتە سێ هۆکاری کاریگـەر و سـەرەکی هەیـە کـە ئـەوانیش ئەندامان بە هەموو پاشخانە جـۆر بـە جۆرەکانـەوە و ژینگـەی کـاری ناوخۆی حزب و ژینگەی دەرەوەی حزب کاریگەری سەرەکی لەسەر ژیانی ئەو حزبە دادەنێن.

## پێنجەم: تیۆری ڕێکخستنی پارتی

ئەوتیۆرانەی کە باس لە رێکخستن دەکـەن لـە بـواری ئیـداری و کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆرن و بە گشتی بۆ دوو قوتابخانەی کلاسـیکی و رەفتاری دابەشدەبن، بەڵام وێـڕای گرنگـی هەریـەك لـەم تیۆرانـە، بوارێکی زۆری شەن و کەوکردنیان دەوێـت، دەرفـەتێکی کراوەتـری پێویستە، بەڵام لەبەر گرنگی ئـەم لایەنـە لـە کـاری رێکخـستندا، بـە باشمان زانی کە تیۆری رێکخستن بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پـارتی دیموکراتی کوردستان لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

١- پرنسیپەکانی رێکخستن.

٢- رێساکانی ژیانی رێکخستنی پارتی.

٣- بونیاتی ڕێکخستن.

٤- ئامراز و میکانیزمەکانی کاری ڕێکخستن.

لە پەیڕەوی پارتیدا، ڕێساکان و بونیادی ڕێکخستن و ئامراز و میکانیزمەکانی کاری ئۆرگانەکانی ڕێکخستن روونکراونەتەوە، لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر پرنسیپەکانی ڕێکخستن دەکەین.

## پرنسیپەکانی ڕێکخستنی پارتی:

ئەم پرینسیپە هەروەك لە ماددەی دووەم لە بەشی یەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانی پەسەندکراوی کۆنگرەی دوازدەدا هاتووە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پرینسیپ ناوەندێتی دیموکراتی و دەربڕینی سەرنج و بیروڕای ئازادانە لەلایەن دەستەکانی خوارەوە.

٢- پرینسیپ زۆرینە و کەمینە و پاراستنی مافی کەمینە.

٣- پرینسیپی سەرکردایەتیکردن، سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و بەرپرسیارێتی تاکە کەس.

٤- پرینسیپی گفتوگۆ و رەخنە و رەخنە لە خۆ گرتن.

٥- پرینسیپی ئەندامێتی: پابەند بوون و بەرپرسیارێتی.

٦- پرینسیپی هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنی و رەخساندنی دەرفەتی یەکسان لە ئەرك و مافدا.

٧- پرینسیپی کاری ڕێکخستن: پەروەردەی پاڵێوراو ئەندام و کادر و پرۆسەی رۆشنبیر کردن.

لــه راســتیدا، لــه دوو تــوێی باســەکەماندا، مەســەلەکانی ناوەنــدێتی دیموکراسی و مەرکەزیەت و سەرکردایەتی بــە کۆمــەڵ و ئەنــدامێتی و هەڵبژاردن، ...هتدمان روونکردۆتەوە، لێرەدا جەخت لەسەر ئیلتیزام و مەسئولیەت دەکەین بەگشتی.

## پرینسیپی ئەندامێتی و پابەند بوون (ئیلتیزام)

پابەند بوونی ڕێکخستن باوەڕ بوونە بــەو مەســەلە (دۆزە)ی کــە ڕێکخستن لە پێناویدا دروست بووە و بەو ئامانجانەی کە دەیگرێتەبــەر و بەو بۆچوون و دیدگایانەی کە دەیەوێت پێیان بگاتە ئەو ئامانجە، کــە ئەمەش وا دەکات ئەندامێتی وەربگــرێ و بــەگوێرەی ئــەم بیروبــاوەڕە پاڵبدەیتە ڕێکخستن و هەموو بەرپرسیارێتی و جێکەوتــەکانی وەئەســتۆ بگرێ و، لەم ڕووەشەوە بــە پــەیڕەوی حــزب پابەنــد بــێ و مــەهام و ئەرکەکان ڕاپەڕێنێ و بە هەڵوێستە سیاسەکان و بڕیارەکانەوە لــە لای ئۆرگانی کارکردندا یان بڕیاری گشتی بەگوێرەی ئوسوڵ پابەند بێــت، کەواتە دەکرێ کۆڵەگە سەرەکیەکانی پابەند بوون بناسین بــەوەی کــە بریتین لە:

– باوەڕ بوون بە دۆزی کوردستانی و کوردایەتی و ئامانجەکانی پــارتی و بوونی بڕوای تەواو بە دیدگا و گەیــشتن بــەو ئامانجانــە، تۆخمــەکانی باوەڕیش بریتین لە قەناعەتی دەروونی و زهنییەتی لــە بــار و پتــەو بــە ڕێبازی پارتی و بارزانی و دەرککردن بە مێژووی کوردستان بە گشتی و باشووری کوردستان بــە تایبــەتی کــە ئەگــەر مێــژووی تێکوشــان و

خەبات و بەرخودان نەبایە، کورد و کوردستان چۆن مێژووی سەدەی بیستەمیان دەنووسییەوە.

- پەیوەستبوونی ئیرادەی ئەندام بە رێکخستنەوەو گوزارشتلێکردنی ئەم خواستە نەك تەنیا بە داواکردن یان چوونە پال رێکخستنەوە" بەڵکو دەبێ بە حەماسەتەوە قوربانی و بەرپرسیارێتی و لێکەوتەکانی وەئەستۆ بگرێ.
- کاری مەیدانی کردەیی ئەنجام بدات بەشێوەیەك کە باوەڕ و ئیرادە و ئەنجامدانی مەهام و ئەرکەکانی بەدیدێنێت.
- پابەندی هەڵوێستی سیاسی و بەرنامە و پەیڕەو و بڕیارەکان بێت و لە کردەوە و رەفتار و رەوشتیەوە رەنگبدەنەوە.
- ئەندام لەنێوان ئازادی و پابەندبووندا، کە بەخواستی خۆی چوارچێوەیەکی سیاسی هەڵدەبژێرێت و ئیرادەی خۆی پێکۆت دەکات، دەبێ لەم چوارچێوەیەدا کار بکات.

لەم رووەوە دەبینین، کە پابەندبوون یاخیبوون و هەرچەشنە زیان گەیاندنێکی ماددی و مەعنەوی و ئەدەبی رەتدەکاتەوە، هەروەك بەشێوەیك لە شێوەکان لە دوو توێی ئەرکی پاڵێوراو، یان ئەندام، یان کادر و هەر ئۆرگانێکی تر لە پەیڕەودا روون کراوەتەوە ، کە دەکرێ بەگوێرەی قۆناغ گۆڕانی بەسەردا بێت.

## شێوەکانی ئیلتیزام

ئیلتیزام شێوازی جۆرا و جۆری هەیە لەوانە:

أ- **پابەندبوونی یاسایی،** وەك ئەندامێك لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی سیاسی و یان هاوبەش لە بەها مرۆڤایەتیەکان و ئایینیەکان.

ب- **پابەندبوونی سیاسی:** واتە پابەندبوون بەو چەمك و برنسیپیە سیاسیانەی کە تایبەتە بە مەسەلەیەك یان ڕێبازێکی سیاسی. لەوانەیە ڕەهەندی وەك باوەربوون بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و پابەندبوونی بە پرنسیپەکانی دیموکراسیەت و دەستور و شێوازی سیستەمی سیاسی و نیزامی گشتی و ئادابی گشتی بگەینێت نەك بیر و باوەڕ یان ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت.

ج- **پابەند بوونی عەقائیدی:** واتە پابەندبوون بە چەمکی فیکری و بیروباوەڕی یان ڕێبازێکی ئیدۆلۆژی وەك سۆسیالیستی، ئایینی یان هەر ئایدۆلۆژیایەکی تر کە ڕیۆشوێن بۆ ژیان و سیستەمی کاری تاك و کۆمەڵگا دادەنێ.

د- **پابەند بوون بە ئەندامێتییەوە:** پابەندبوونێکی ماددی و مەعنەوی تاکە بە ڕێکخستەوە، بەبێ بوونی ئەم ئیلتیزامە، ئیلتیزامی عەقائیدی یان سیاسی لە پەراوێزدا دەبێ، ئەم پابەندبوونە لە پێناو پابەندبوون بە خودی ڕێکخستن نیە، بەڵکو لە پێناوی ئەوەدایە کە ڕێکخستن لە خزمەتی دۆز و ئامانجەکان بێت ئەمەش مەبەستی سەرەکی ئەم ڕێکخستنەیە، کە ئازادی و مافی چارەنووسی کوردستانە.

## گرنگی پابەندبوون

ئیلتیزامــی ئەنــدام و هەڵــسوڕاوی سیاســی لــە چوارچــێوەی ڕێکخستنی سیاسیدا دوو لایەنی گرنگی مەعنەوی و عەمەلی هەیە، کە ئەم پابەندبوونە بنەمای هەریەکە لەمانەی خوارەوەیە:

- **ئەندامێتی:** چونکە مانایەك بۆ ئەندامێتی بەبێ پابەنـدبوون نامێنێتـەوە، خودی پابەندبوون مەرجێکە لە مەرجەکان و ئەرکێکە لە ئەرکەکان و ئامانجێکە لە ئامانجەکان.
- **یەکێتی بیر و کرداری ڕێکخستن:** بەبێ پابەندبوون هیچ مانایەك بـۆ ڕێسای قبوڵکردنی کەمینە بۆ زۆرینـە، یـان پرینـسیپ و دیـسپلین نامێنێتەوە، پێویستە مرۆڤ لە وەی کە لە بیروباروەڕی تایبەتی خـۆی تەنازولبکات یان بگاتە ناوەندێتی و بڕیار و بەرنامەی هاوبەش.
- بــێ پابەنــدبوون بــوونی پەیوەندییــەکانی نــاوخۆ و قبــوڵکردن و جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ نایێتەدی.
- پیادەکردنی کاری ڕێکخستنی هاوبەش و جێبەجێ کردنی بەرنامـە و پلان و نەخشە و بڕیارەکان بێ پابەندبوونی خەڵلاق نایێتەدی.

کەواتە ناوەڕۆکی پابەندبوون دەبـێ لــە هۆشـیاری و ئـیرادە و لــە کاری حیزبیدا ڕەنگبداتەوە کـە هــەردوو لای پابەنـدبوونی سیاسـی و ئەندامێتی بەیەکەوە گرێبدات.

**ناوەڕۆکی پابەندبوونی سیاسی بە لای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بریتیە لە:**

- باوەڕبوون و خەبات کردن بۆ مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان.
- باوەڕ بوون و پیادەکردنی دیموکراسیەت.
- پیادەکردنی شێوازی ئاشتییانە لە خەباتدا و پابەندبوون بە چەمکە سەرەکییەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای نێو دەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ.
- خزمەتکردنی جەماوەر و بەدیهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی.
- کۆششکردن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و نوێخواز و بەدیهێنانی مافی هاوڵاتیبوون و بەرجەستەکردنی ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ.
- بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراسی لیبرالی و پابەند بوون بە سەروەری یاسا.
- رێزگرتن لە سیمبولەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان.
- باوەڕبوون بە داننان بە نەتەوەکانی تر و ئایین و ئایینزانانی کوردستان و یەکسانی و لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانە.

**ناوەڕۆکی پابەندبوون بە ئەندامێتی بریتییە لە:**

- پابەندبوونی ئەندام بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکان و بەهرەمەندبوون لە مافەکان بەگوێرەی برنسیپی

رەخساندنی دەرفەتی یەکسان.

- پابەند بوون بە هەڵوێستەکانی حزب و بڕیارەکانی.
- باوەڕ بوون و پیادەکردنی ئەدای خەباتکردنی حزب بە گوێرەی قۆناغ.
- پابەندبوون بە ئۆرگانەکانی چوارچێوەی کاری ڕێکخستن و کۆبوونەوەو بەشداری کارا وئیجابی و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بێ جیاوازی.
- پابەند بوون بە مەرجەعی یەکەی ڕێکخستن لەو ناوەندی کە کاری تێدا دەکەی و بڵاوکردنەوەی ڕێبازی پارتی و بارزانی.
- ئاکاری جوان و نهێنی پارێزی و دوورکەوتنەوە لە ناوزڕاندنی هاوڕێبازان و دوور کەوتنەوە لە دەستەگەری.
- چەسپاندنی گیانی تەواسل و گفتوگۆ و ڕۆحی هەڤاڵێتی و برایەتی.
- بوونی هۆشیاری و بەرنامەو پڕۆژەی کار بۆ خزمەتی کۆمەڵگای کوردستانی.

## بەرپرسیارێتی:

هەر ڕێکخراوێك لە کۆمەڵگادا، سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و هتد، شانەی سەرەکی کارو چالاکی ئەو کۆمەڵگایە پێکدەهێنن، هەر بۆیە بەرامبەر ژینگە و کۆمەڵگا و گەل و بەپرسیارێتی گشتی هەیە کە خۆی لە دوو لایەنی سەرەکیدا دەبینێتەوە وێڕای بەرپرسیارێتەتی تر وەك:

١- گەرەنتی مانەوەی کۆمەڵگا و بەردەوامی بوونی ئەو کۆمەڵگایە.
٢- پێشخستنی توانا و ئیمکانیەتی ئەو کۆمەڵگایە تا بەردەستەکانی مانەوە و بەرپرسیاری و پێداویستیەکانی بەدیبێنێت.

هەر بۆیە، ئەرك و مەهام و چالاکی ڕێکخستنەکان بەرامبەر کۆمەڵگا و ئەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکات ئەم بەرپرسیارێتیانەی لە ئەستۆ دایە:

**یەکەم: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی**

ئەو بەرپرسیارێتیە کە هاوسەنگی لە نێوان ئامانجەکانی کۆمەڵگا و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەدا دێنێتەدی، ئەم شێوە بەرپرسیارێتیە دوو لایەنی هەیە:

- کاریگەری ڕێکخراو لە سەر کۆمەڵگا:

أ- ڕەفتاری ئەرێنی ڕێکخراو کە بریتییە لە:

- پابەندبوون و دیسپلینکاری بە ڕێسا و ڕەفتار و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا.
- دروستکردنی ڕەفتارێك لە ڕێکخستندا کە پشتگیری و پشتیوانی ڕەفتارە ئەرێنیەکانی کۆمەڵگا بکات.
- ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری هەڵە و نەرێنی.
- ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا و پێشخستنی بە ئاڕاستەی دروست.

ب- ڕەفتاری نەرێنی ڕێکخراو:

ئەو ڕەفتارە سلبیە دەگەێنێ کە ڕێکخراو لە کۆمەڵگادا ئەنجامی دەدات و پاڵ بە چالاکی و ڕەفتاری گروپ و کۆمەڵە و تاکی شاز و

ڕێز پەڕ دەدات کە کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی ئابووری کۆمەڵگادا دەبێت وەك چالاکیە لە ڕێلادراو و ڕەفتارە نا ئەخلاقیەکان، نموونە:

ڕێزنەگرتنی دام و دەزگای دەوڵەت و کارمەند و پۆلیسەکان، بلاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی نابەرپرس و نادروست دژی دەسەلاتی شەرعی، مەدحکردنی دوژمن و بەرهەمەکانی، پەنا بردنە بەر نەیار و پێشکەشکردنی داخوازی جۆرا و جۆر و ....هتد.

- بەرپرسیاریتی ڕێکخراو بۆ پشتگیریکردنی ڕێباز و ڕێچکەی کۆمەڵگا وەك:

– پابەند بوون بە یاساکان و ڕێنمایی و بەلادانەخستنیان.
– ڕێزگرتن و بەهەند وەرگرتنی داب و نەریت و عادەت و نەریتەکانی کاتێ ڕێکخراو چالاکییەکانی پیادە دەکات.
– پێشخستنی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە ئەرێنیەکان، وەك پاراستنی پاك و خاوێنی ژینگە، جگەرە نەکێشان و ئیدمان نەبوون، ڕێزگرتنی خاوەن پێداویستی و گەورەکان، بەکارهێنانی زمانی خاوێن، بیری چاك و زمانی چاك و گوفتاری چاك و سنوور دانان بۆ ڕەفتاری سلبی.
– پشتگیریکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تەندروستی و فێرکاری و ئەمنی و ڕۆشنبیری و ...هتد کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا.
– پاراستنی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و پشتیوانیکردنیان.
– بە دەستخستنی پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکانی تاك و کۆمەڵگا بە شێوەیەکی باش و لێهاتووانە و بەردەوام.

**دووەم: بەرپرسیاریێتی یاسایی**

ئەم بەرپرسیاریێتیە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١- پابەندبوونی ڕێکخراو بە یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمەڵگا لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیەکانیدا.

٢- پابەندبوونی ڕێکخستنەکان بە ڕێسا و ڕێنماییەکانی دەوڵەت و دام دەزگاکانی.

٣- پابەندبوون بە پیادەکردنی ڕێساکانی دادپەروەری و ئینساف لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا.

٤- پابەندبوون بە هاندانی ئەندام و لایەنگرانی بۆ پابەندبوون بە یاسا و داب و نەریتی گشتی.

٥- پابەندبوون بە یاسا و ڕێکخستنە نێودەوڵەتی و جیهانیەکانی بە تایبەت ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

**سێیەم: بەرپرسیاریێتی ئەخلاقی**

بێگومان ڕەوشت کرۆکی ڕەفتاری گشتی ڕێکخستن و کۆمەڵگایە، بۆیە دەبێ ڕەوشتی ڕێکخراو گونجا و ساز بێت لەگەڵ ڕەفتاری گشتی کۆمەڵگادا وەك:

- پابەندبوونی ڕێکخراو بە ڕەوشتی کۆمەڵگا.
- پابەندبوونی ڕێکخستن بە ڕەوشتی ڕێکخستن (یان پیشەکە).
- پێشخستنی تاکەکان وەك بەشێك لە ئەرکی ئەخلاقی.
- نەبەزاندنی سنووری مافەکانی کۆمەڵگا و تاکەکان بۆ بەرژەوەندی ڕێکخستن.

– پاراستنی مافی لایەنەکان کە کار لەگەڵ ڕێکخستندا دەکەن.
– ڕێکخستن لەلایەن تاکەکانەوە بەکار نەهێنرێت بۆ ناکۆکی و ململانێی جۆرا و جۆر.

**چوارەم: بەرپرسیارێتی زاتی (خودی)**

ئەم بەرپرسیارێتیە زادەی کاملبوونی ژیانی گشتی کۆمەڵگا و پەروەردە و هێز و بزاوتی تاکەکانە، کە بریتییە لە:
– پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بێ بەرامبەر و خۆبەخش بۆ گەشەپێدان وپێشخستنی کۆمەڵگا (فریاکەوتنی خەڵك و یارمەتیدان، چاندنی دار و پشتگیری هەڵمەتەکانی ژینگە پارێزی، پاراستنی شوێنەوار...هتد).
– پێشکەشکردنی پیتاك و یارمەتی و هاریکاری بۆ ئەوانەی کەزیان لێکەوتوون.
– بایەخدان بە ڕووبەڕووبوونەوی نەکسە و کارەسات و ڕووداو و ناخۆشیەکانی مرۆڤایەتی و کتوپڕ.
– ڕێگرتن لە لادەر و سەرپێچیکاران.
– بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مرۆڤدروستی و پاراستنی بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ.
– پێشکەشکردنی پشتگیری ماددی و مەعنەوی بۆ کۆمەڵگا و ڕێکخراوەکانی تر و تاکەکان.

هەر لەم ناوەندەدا و سەبارەت بە هەندێ ڕێکخستن و ڕێکخراوی تری وەك ڕێکخراوەکانی قازانج و ویست (کۆمپانیا و دامەزراو و یەکە بازرگانیەکان و .....هتد) کە لە بنەڕەتدا بەمەبەستی

بەدیهێنانی کەسیی ماددی هاتوونەتە ئاراوە، تێڕوانینی کۆن وابـوو کـە هیچ ئامانجێك بۆ ئەم ڕێکخراوانەجگە لـە قازانج نییە، ئەوا لـە ئـەمڕۆدا ناساندنی دروست بۆ ئەم ڕێکخراوانە ئەوەیە کـە دەبـێ بەرپرسـیارێتی ئـابووری بگرنـە ئەسـتۆیان و پارێزگـاری لــە سـامانی نیـشتمانی و بــەکارهێنانی بەشــێوەیەکی عــەقلانی و چــاك بکەنــەوە، لەگــەڵ بەرهـــەمهێنان و پێــشکەشکردنی کەرەســـە و خزمـــەتگوزاری و بەرهەمەکان بەو شێوەیەی کـە کۆمـەڵگا پێویـستی پێیـەتی تـا ژیـان و بەردەوامی و مانەوەی بە باشترین شێوە بۆ دابینبکرێـت، هـەر ئەمەشـە کە ڕێکخراوی (GATT و ڕێکخراوی خاسیەت و پێوەری جیهـانی) داوای دەکات.

## شەشەم: ژینگەی ڕێکخراو یان ڕێکخستنی سیاسی

ژینگـە یـان ئـەو پانتـایی و چوارچـێوە و بـوارە گـشتیەی کـە ڕێکخراوەکەی لێیە و لەمیانەیدا کار دەکات، پێناسەی ژینگـە بریتییـە لەو فاکتەرانەی کە لە سروشتی و گرووپی مرۆیی و سیستەم و یاسـای پێــوەری کۆمەڵایــەتی و پەیوەندییــەکانی کەســی و پەیوەنــدیگرتن دەورەدراوە، لەمەشــەوە بــۆ دیـاریکردنی ژینگــە هــەردوو لایـەنی دەوروبەری دەرەکی و لــە بەرامبــەردا ژینگـەی نـاوخۆ واتـە بـواری کارکردنی ناوخۆی ڕێکخستن دەگرێتەوە.

ژینگەی دەرەکی لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

**١- فاکتەرە کۆمەڵایەتیـەکان:** وەك ئاسـتەکانی پێـشکەوتن و بـەها و داب و نــەریت و ڕێکخــستنی کۆمەڵایــەتی مــەوجوود لــە نـاو

کۆمەڵگا وەك (عەشایەری، دامەزراوەیی، خێزان) دەگرێتەوە.

٢- **فاکتەرە رۆشنبیریەکان:** بیرۆکە و بەها و ئاستی رۆشنبیری (بەرز، ناوەند، نەبوو، باوەڕبوون بە خورافات...) و شێوە رۆشنبیری مەوجود وەك (ئازاد و جۆرا و جۆر، توندڕەو) و پێکهاتە رۆشنبیریەکان.

٣- **ژینگەی فێرکردن:** شێوازی فێرکردن و جۆرەکانی بەرهەمی فێرکردن و فێربوون، قەبارەی خوێندەوار و فێربوونەکان، ئەو زانست و زانیاری و مەعاریفەی کە سیستەمی فێرکردن دەیهێنێتە ئاراوە، ئاستی نەخوێندەواری ناو کۆمەڵگا.

٤- **فاکتەرە رەوشتی و بەهاییەکان:** وەك رێساکان و داب و نەریتی ناو کۆمەڵگا، رەوشتی کار رەفتاری کەس وگشتی، پانتایی رەوشتی و ئەدەبی لە کۆمەڵگادا.

٥- **فاکتەرە ئابووریەکان:** وەك ئەو سیستەمەی کە هەیە (سۆسیالیستی، سەرمایەداری، ئیسلامی، دیموکراسی لیبڕاڵی، سەنترالی....)، باری ئابووری وەك (گەشاوە، پوکاوە، هەڵاوساو)، ئاستی بوونی داهات و سەروەت وسامانی ئابووری، رکابەری، سیستەمی بانکی و دارایی و قەبارەی بەرهەمهێنان، ئاست و پلەی ژیان، باج، بێکاری...هتد.

٦- **فاکتەری دانیشتوان بۆ نیشتەجێ بوون:** وەك قەبارەی دانیشتوان و دابەشبوونییان و سروشتی هێزی مرۆیی و ئاستەکانی گەشەی دانیشتوان و ئاڕاستەی کۆچکردنی ناوخۆ و دەرەوە، قەبارەی هێزی کار و دابەشبوونی، ئاستی پێشکەوتن (گوندی، خێڵەکی،

شارنشینی) و .... هتد.

٧- **هۆکارە سیاسیەکان:** وەك فەلسەفەی حوکمڕانی و سیاسەتەکان و جۆری سیستەمی سیاسی و دیموکراسیەت و ئاستی دەستوەردانی حکومەت لە چالاکییە ئابووریەکان و کاری ڕێکخستنەکان و جۆری ڕێکخراو و ڕێکخستنەکان لە بواری ئابووریدا و جۆری ڕێکخراوە سیاسیەکانی و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا و ئاستی سەقامیگری سیاسی و ....هتد.

٨- **فاکتەری سیاسی:** کە بریتییە لە سەرجەم یاساکان وسیتسەمی دادوەری و یاسایی و هتد.

٩- هۆکارە تەقەنییەکان.

١٠- حکومەت و ڕێکخراوی ڕکابەر و ڕێکخستنەکانی تری ناو کۆمەڵگا.

**ژینگەی ناوخۆی ڕێکخستن کە بریتیە لە:**

١- ئەندامانی ڕێکخستن: جۆری کۆمەڵایەتی، توانا، هێزی بیرو، ئاستەکانی بەشداری لە ڕێکخستن، چالاکیەکان، قەناعەت و بیرو باوەڕ، توانای چالاکیەکان لە بڵاوکردنەوەی فیکری ڕێکخستن، یان تواناگیری جەماوەری و کەسبکردنی ئەندام و ..هتد.

٢- لایەنگیر و دۆست و هاوڕێ: ئەمە بازنەیەکی فراوانە کە لە دەوری ئەندامانی ڕێکخستندا هەیە کە بەشی فراوانی ناو کۆمەڵگا دەگرێتەوە.

٣- مۆدێلی سەرکردایەتی: پێگەی سەرکردایەتی، بەرپرسیارێتی و دەسەڵات و دەسەڵاتگەرایی فراوان دیاری دەکات کە کاریگەری

لەسەر سـەرجەم ئەنـدامان دەبێـت و کەشـی کاریـان لـەلا وێنـا دەکات (ئیجابی، ئاسوودە، ڤێـزەوون، دیموکراسـی، تونـدڕەوی، ناکۆکی و ملـملانێ، زۆرانبازی، پیلان و دەستێخـستن، متمانـە و سـەقامگیری و ئـەمان، بیروکراتیـەت و رۆتـین، ئاسـانکاری بـۆ هەنـدێك و گرفـت دروسـتکردن بۆهەنـدێ، نـەرم و نیـانی و ....هتد).

٤- رەفتارەکان رێکخـستن: پێویـستە لـە رێکخـستنە کۆمەڵایـەتی و سیاسیەکان دیاریکراو بێت بەیاساکانی رێکخـستن و بـەو شـێوەیە کە لەگەڵ رۆشنیری گەل و کۆمەڵگادا دەگونجێ.

**گرنگی ژینگەی کارکردن بۆ رێکخستن:**

١- سەرچاوەی زانیاری و ناوەندی کارکردن.

٢- سەرچاوەی کەرەسەی سەرەکی (ئەندام، دارایی، ...هتد).

٣- سەرچاوەی پیادەکردنی سیاسـەت و بەرنامـەی گـشتی وەك ئـەو کاریگەرییە بەردەوامەی کە رێکخـراو هەیـەتی لەگـەڵ سـەرجەم کایەکانی ناو کۆمەڵگادا.

گرنگە ژینگەی کاری رێکخراوەیـی بزانرێـت کـەئایا ژینگەیـەکی سەقامیگرە و نیزامێکی ئالی و رێکخراوێکی ئالییـە، یـان ژینگەیـەکی جولاّ و و دینامیکیە و نیزامێکی حەیـەوی و زینـدوو و رێکخراوێکـی حەرەکییە.

ئایا سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆت و سـنوردانانە لـە بـەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کاری رێکخستندا، یان سیستەمێکی دەرگا کراوەیە بـۆ توخمەکانی مرۆیی و رێکخـستنی ئازادانـە کـار دەکـات و راهێنـان و

خولّقاندن و ئەفراندن دێنێتە ئاراوە.
ئایا مەهامەکان دیاریکراون و جێگیرن و بواری ئەداکردنیان دیاریکراوە بەشێوەیەکی فراوان، یان موهمەی کارکردنی توانای گۆڕانی هەیە و جۆرا و جۆرە و ئەداکردنی بەگوێرەی داخوازییەکانە.
ئایا دابەشکردنی کار بە شێوەیەکی فراوان و دووروودرێژ و تایبەتمەندی وردەکاری هەیە، یان دابەشکردنی کار بە گوێرەی مەهام و داخوازیەکانی کار و گۆڕانەکانە.
ئایا دەبێ گوێڕایەڵی رێنمایی و رێسا و دسپلینەکانی حزب بێت بە هەموو رەهەندەکانیەوە، یان بە گوێرەی داخوازییەکان و بە گوێرەی پێویست پابەندی رێنمایی و رێساکانی کار بیت.
ئایا پەیوەندیگرتن شاقۆڵییە و رێوشوێنی کاری ئیداری فەرمی وەردەگرێ، یان پەیوەندیگرتن کراوەیە و بەهەموو ئاڕاستەکاندایە.
ئایا سەنتڕالیزمی بەرز و توندە لە وەرگرتنی بڕیار، یان لامەرکەزیەتی تێدایە.
ئایا قەبارەی گۆڕان لە رێکخراودا کەم و هێواشە یان بەرز و بەردەوام و خێرا و دووبارەیە.
ئایا هەموو رێنمایی و رێکارەکان و فەرمانەکان نووسراون، یان سروشتی کارکردن لە زۆربەی بوارەکاندا راوێژکارانەیە.
ئایا چاودێری توندی سەنتەر لەسەر ئەدای کارکردن رێسای نیزامی چاودێریکردنە یان چاودێری خودی لەسەر ئەدا لەلایەن ئەندام و کادیران و یەکەکانەوەیە.
ئایا رێنماییەکان و رێکارەکان لەلایەن سەرکردایەتی بالاوە

دەردەچن، یان بە گوێرەی گۆڕانی پێشهاتنی کارەکان دەگۆڕێت.

ئایا هەیکەلی ڕێکخستن هەڕەمییە و شاقولّییە تایبەت بە سەیتەرە کردن و دەسەڵات و پەیوەندیگرتنەکان یان نەرم ونیانە.

ئایا تەرکیز لەسەر وەلا بۆ ڕێکخراو و گوێڕایەڵی بەرپرسانەیان لەسەر پابەندبوون و پاڵنەرایەتییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو زیاتر لە وەلا و گوێڕایەڵی.

ئایا زانیارییەکان شێوەیەکی فەرمی و گونجاندنە لەگەڵ هەڕەمی دەسەڵات و سنووردارە، یان زانیارییەکان شێوەیەکی زانستییان هەیە و لەناو ڕێکخراودا بەگشتی هەیە و ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

ئایا ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن شێوەی فەرمان و وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی و لێ لانەدانە، یان ئاڕاستەکردن شێوەی زانیاری و ئامۆژگاری و وەبیرهێنانەوە و ئاڕاستە و ڕێنمایکردن و ڕێنیشاندان دەگرێتەوە.

## دەورانی ژیانی ڕێکخستنەکان

پێشتر ئاماژەیەکمان دا کە باری ڕێکخستن وەك جەستەی مرۆڤ وایە، بە بەردەوامی لەگەڵ ژینگە کارلێك دەکات، ئەمەش وا دەکات کە ڕێکخستن بەو قۆناغانەدا دەڕوات کە مرۆڤی پێدا دەڕوات (life – cycle perspective) ئەم قۆناغانە دەکرێ بە پێنج قۆناغ دیاری بکرێن[1].

---

(1) د. محمد قاسم القريوتي، نظرية المنظمة والتنظيم، دار وائل للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٠، ص٥٠ وما بعدها.

**١- قۆناغی داهێنان (Entrepreneurial stage)**

قۆناغی پێکهێنان و دروستکردنی رێکخستنە، ئەم قۆناغە بە لەدایکبوونی مرۆڤ دەچێت، کە هێشتا نەخەملێوە پێویستی زۆری بە داهێنان و ئەفراندن هەیە تا مانەوە و بەردەوامی مسۆگەر بکات.

**٢- قۆناغی هەرەوەزی (Collectivity stage)**

ئەم قۆناغە هەنگاوێکی پێشکەوتووترە لە قۆناغی یەکەم، کە ئامانجەکان روون دەبن و بە شێوەیەکی باشتر خۆیان نمایش دەکەن، ئەندامانی رێکخستن لەم قۆناغەدا کۆششێکی زۆر ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی وەلا و پابەندبوونی رێکخستن بەدەست بێنن و پەنا بردنە بەر لێهاتوویی و داهێنان بەردەوام دەبێت.

**٣- قۆناغی فەرمی و چاودێری و دیسپلینکاری ( Formalization and control)**

لەم قۆناغەدا رێسا و رێکاری کار زۆر دەبێ و کارەکتەرەکان باشتر رۆڵ دەبینن، زۆر پەنا نابرێتە بەر ئیجتهیادی تاك و جۆرا و جۆر لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، جەخت لە پێوەری توانا ولێوەشایی دەکرێت، ناوەندی وەرگرتنی بریار و پۆستەکانی بەرپرسیارێتی دیاری دەکرێن، بە شێوەیەك کەقسە لەوە دەکرێ ئەم قۆناغە هەنگاوە لەسەر رێگای دامەزراوەیی لە جیاتی تاکگەرایی.

**٤- قۆناغی پێشخستنی هەیکەلی ڕێکخستن (تەواوکاری ڕێکخستن) (Elaboration f structure stage)**

ڕێکخستن لەم قۆناغەدا توانای بڵاوبوونەوەی دەبێ و چالاکییەکانی فراوان دەبێ، پێشخستن و پێشکەوتنی ڕێکخستن لەگەڵ ئەم قۆناغە خۆی دەگونجێنێ و جۆرێك لە لامەرکەزیەت لە وەرگرتنی بڕیاردا دێتەئاراوە چونکە ئەوان زیاتر بە بارودۆخی نوێ شارەزان و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و تێگەیشتنیان بۆی مەیدانییە.

**٥- قۆناغی لاوازی و پووکانەوە (Decline stage)**

لەم قۆناغەدا ڕێکخستن لەگەڵ بارودۆخی زۆر قورس و گران دەژییت، وەك زیادبوونی ڕکابەر و.. هتد، ململانێ و کێشە ڕوودەدات، زیاتر پەنا دەبرێتە بەر کار و چالاکی مەرکەزی تا بتوانن کۆنترۆڵی بارودۆخی بکرێ و کارەکان ڕاپەڕێنرێن.

ئەم تیۆرە بۆ قۆناغەکانی ڕێکخستن مەرج نیە کە بۆ هەموو ڕێکخستنێك شیاو بێت، بەڵام تێگەیشتن گرنگە، هەروەك چۆن تێگەیشتن لە تیۆری سیستەم گرنگە، کەوا سەیری ڕێکخستن دەکات کە کائینێکی زیندووە، لەگەڵ ژینگەی خۆی مامەڵە دەکات و پێیان کاریگەر دەبێ و توانای خۆگونجانی لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، هەروەها بۆ وەرگرتنی ڕێکار و لێپرسینەوە و چارەسەری گرفتەکانی کە بەگوێرەی هەر قۆناغە دەگۆڕێ.

## گرفتی ڕێکخستنەکان

هیچ ڕێکخستنێك نیە یان شێوە ڕێکخستنێك نیە کە میسالی بێت و لەگەڵ هەموو بارودۆخەکان بۆ هەموو کاتێك گونجاو بێت، بۆیە گرفتی ناوخۆ و گرفت لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەی حزب دێتە ئاراوە، گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە زانستی ڕێکخستن بتوانێ لەگەڵ پێشکەوتن و گیروگرفتەکان هەڵبکات و بۆچوون و دیدگای نوێ بێنێتە ئاراوە تا ڕاستگۆیی مانەوە و کارابوونی بمێنێ(1).

### ١- گیروگرفتی ناوخۆ

لە دیارترین شێوازەکانی ئەم گرفتە بریتین لە هەستکردن بە نامۆبوونی ڕێکخستن، هەستکردن بە لاوازی، نەبوونی توانا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خواستەکان و داخوازییەکانی ڕێکخستن و ڕێسا و ڕێکارەکان، هەستکردن بە ناعەدالەتی لە مامەڵەکردن.

### ٢- گرفتی دەرەکی

لە دیارترین شێوازەکانی ئەم گرفتە بریتیە لە نەبوونی توانا و لێهاتوویی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خواستەکانی ڕێکخستن و خەڵك، نەبوونی توانا بۆ پێشکەشکردنی سیستەمێکی دروستی هەڵسوڕانی کاروباری حوکمڕانی و پرینسیپ و هاوسەنگ لەگەڵ دیدگاو بەڵێنەکان، تەحەکوم کردنی کار و بڕیار و پۆستەکان بەناوەندێکی سەنتڕاڵ.

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠٢ و دواتر.

## خوێندنەوەی ئایندەیی بۆ تیۆری ڕێکخستن

بێگومان دەبێ ڕێکخستن لەگەڵ ژینگە گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و جیهانیەکە بسازێ، کەواتە دەبێ گۆڕانی پێویست لە هەیکەل و پرۆسەی کار و چالاکی سیاسەتیدا بێنێتە ئاراوە. لە خوارەوە هەندێ بیرۆکەی گشتی دەخەینەڕوو کە خاسیەتەکانی بریتین لە:

١- مرونەت و نەرم ونیانی.

٢- جەخت کردن لە دەرفەتی پێشکەوتنی و پێگەیاندنی هەڵسوڕاوی سیاسی و ڕێکخستن.

٣- دەبێ کاری گروپەکان و ئۆرگانەکان بەرهەمدار بکرێ.

٤- جەخت کردن لەسەر سوود وەرگرتن لەو خاسیەتە سەرەکیانەی کە لە ڕێکخستندا کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

٥- جەخت کردن لەسەر بوونی جۆراێتی و فرەیی.

٦- دەبێ دەرفەتی یەکسان و باشترین شێواز بۆ وەگەڕخستنی گشتی بگیرێتەبەر نەك دەستەیەك.

هەروەها پێداویستی کە چوارچێوەیەکی حەوتەوانەیە و بەکورتی بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١- **ڕێزگرتن:** ڕێکخستن هەست بکات کە گوێ لە ڕاکانی دەگیرێ و گفتوگۆکانی ڕێزی لێ دەگیرێ و ئازادە و هەڕەشەی پەراوێزخستنی لەسەر نیە.

٢- **بەرپرسیارێتی**: دەبێ متمانە و بەرپرسیارێتی دروست بێت تا بتوانن هەڵسوکەوت بکەن و بڕیار بدەن، نەك گاڵتە بە عەقڵ و توانایـان بکرێت.

٣- **مەترسی**: دەبێ دەرفەت بـدرێ کـە لـەکاتی سەرپێـچی و هەڵـە نەبێتە نرخی پووکانەوەی کادر، بەڵکو دەبـێ چانـسی بـدرێتێ تـا هەست بە ڕێزی تایبەت و کار و داهێنان بکات.

٤- **پاداشت و دانپێدانان**: دەبی لەسەر کارە باشەکانی پاداشت بکرێ و دەزگای حزبی دان بە کۆشش و لێهاتوویيدا بنێـت لـە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، هەروەك چۆن نابێ سـەرکردە پێـی وابـێ کە دانان بە توانای ئەوی تر بچووك بوونەوەی خۆیـەتی بـەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە.

٥- **پەیوەندی باش**: دەبێ پەیوەندییە کەسیەکان گـەرم و هەسـتکردن بە ڕێز و خۆشەویستییان تێدا بێـت، کـە ئەمـەش بـە ئیجابییـەوە بەشداری دەکات لە پەرەپێدانی ئامانجەکان.

٦- **ڕەفتاری دەستەبژێری و نموونەیی**: نابێ ڕەفتاری سەرکردە و کادر پێچەوانەی قسە و وتە و گوتارەکانی بێت.

٧- **نوێبوونەوە و فێربوون**: دەبێ سەرجەم ڕێکخستن ئـەوە بزانـێ بـۆ ئێستا و بۆ داهاتوو کە بـەردەوام مـۆدێلی نـوێ و شـارەزایی و نوێکاری دێتە ئاراوە، ریفۆرم دەبێتە مەسەلەیەکی حـەتمی، ئەگـەر ئەمە نەبێ ئەوا ڕابردوو دەبێتـە خەسـارەت و بـەردەوام دووبـارە دەبێتەوە و زیان دەگەیەنێ .

*بەهیوای سەرکەوتن.*

# کـۆتــــایی

ڕێکخستن بە گشتی و ڕێکخستنی سیاسی- حزبی بە تایبەتی، ڕێبـازی جۆراوجۆری هەیە، لە هەر حاڵەتێکدا بێت هێز بە مرۆڤ و دامـەزراوە دەبەخشێت، دەبێ لەگەڵ قۆناغەکانی ژیـان نـوێ ببێتـەوە و گـۆڕانی بەسەردابێت.

حزبی سیاسی دەبـێ لەگـەڵ گۆڕانـە کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و کولتوری و فەرهەنگیەکان و، ئاڵوگۆڕ و وەرچەخانەکاندا میکـانیزمی گونجاو بۆ ئەو قۆناغە دابنێت. چونکە ڕێسای گشتگیر نییە تا بۆ باڵای ڕێکخستنی هەموو حزبێك لە هەموو کات و شوێنێکدا بشێت. بـەڵام هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە گیان و هێزی مانەوە و بەردەوامی حــزب لـــە چـــۆنیەتی ئاراســـتەکردنی ماهییـــەت و ڕەهەنـــدەکانی ڕێکخستندایە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

هیوادارم باسێکی کـورتی شـیکاری ئـەم چـەمکە، ببێتـە مایـەی خولیای ئەندام و کادیرانی پارتی و هاندانیان بۆ داهێنان لەم بوارەدا.

## سەرچاوەکان


- پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی دوازدەیەم.
- مسعود سالّەیی، ڕێکخستنی پارتایەتی، کۆمەڵە وانەیەك تایبەت بە ڕێکخستن و ڕێکخستنی پارتایەتی، پێشکەش بە کادرانی خولی دەیەمی پەیمانگای کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە، ساڵی ۱۹۹۷– ۱۹۹۸.
- د. محمد المجذوب، دراسات ف السياسة و الأحزاب، منشورات عويدات، بيروت– لبنان، ط١، ١٩٧٢.
- د. حسين جميل، منشأة الأحزاب السياسية، الدار العربية لموسوعات، بيروت– لبنان، ط١، ١٩٨٢.
- هادي حسن عليوي، الأحزاب السياسية في العراق السرية و العلنية، ط١، ٢٠٠١.
- مفهوم التنظيم http://www.baker abubaker.com
- البعد الفكري و الثقافي في مشاريع المؤتمر الرابع لمنظمة العمل الديمقراطي الشعبى، مساهمة د. محمد العمرى، ٢٠٠٠، http://medelomari.free.fr/oadp. Htm
- د. أسامة الغزالى حرب، الأحزاب السياسية في العالم الثالث، عالم المعرفة، ١٩٨٧.
- رالف م. غولدمان، من الحزب الى سياسة الأحزاب، التحول الحرج الى السيطرة المدنية ، ترجمة فخرى صالح، مراجعه. د. فاروق منصور، الأهلية، ط١، ١٩٩٦.
- د. عمر وصفي عقيلي، المنظمة ونظرية لتنظيم، دار زهران للنشر و التوزيع، الاردن، ٢٠١٠.
- د. عبدالسلام أبو قحف وأصحابه، مبادئ الإدراة والتنظيم، جامعة الادارة والتنظيم. جامعة الاسكندرية، قسم ادارة الأعمال، ٢٠٠٩.
- د. محمد قاسم القريوتي، نظرية المنظمة والتنظيم، دار وائل للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٠..